گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 10, No. 4, pp. 792–811, Sept.-Des.-2023.
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 2664-4681
journals.uoz.edu.krd

# پەیوەندی ئەیالەتی شارەزوور لەگەڵ ئەیالەتەکانی بەغدا و بەسرادا 1564-1779

## توێژینەوەیەکی مێژوویی-بەڵگەنامەیە

**محمد احمد ابراهیم گەلاڵیی [1]* و هۆگر طاهر توفیق [2]**

[1] بەشی مێژوو، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان-عێراق. (mohammed.ibrahim@soran.edu.iq)

[2] پشکا مێژوو، فاکۆلتیا زانستێن مرۆڤایەتی، زانکویا زاخۆ، هەرێمی کوردستان-عێراق. (hoger.tawfiq@uoz.edu.krd)

وەرگرتن: 2023/03 پەسەندکرن: 2023/05 بەلاڤکرن: 2023/10 https://doi.org/10.26436/hjuoz.2023.11.4.1164

**پوختە:**

ئەیالەتی شارەزوور؛ لە پێش هاتنەکایەی لەچوارچێوەی کارگێڕی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا، یەکەیەکی کارگێڕی لە ئەیالەتی لوڕستان و دواتر ئەیالەتی بەغدا بووە، بەڵام کاتێك ئەیالەتی شارەزوور لە ساڵی 1564زدا وەك ئەیالەتێکی سەربەخۆ هێنرایەکایەوە، پەیوەندییەکانی ئەیالەتی شارەزوور لەگەڵ ئەیالەتەکانی تری عوسمانییش هاتەکایەوە، سەبارەت پەیوەندییەکانی ئەیالەتی شارەزوور لەگەڵ هەر یەکێك لە ئەیالەتەکانی بەغدا و بەسرادا تایبەتمەندییەکی جیاوازی هەبوو، بۆ نموونە: لەپەیوەندی ئەیالەتی شارەزوور بە ئەیالەتی بەغدا دا، بەدرێژایی ئەو ماوەیەدا ئەیالەتی بەغدا هەژموونێکی زۆر گەورەی هەبووە، ئەم هەژموونکردنە کاریگەری لەسەر دواڕۆژی ئەیالەتی شارەزووردا هەبوو، هەروەها لە پەیوەندی نێوان ئەیالەتی شارەزوور لەگەڵ بەسرادا، بەتایبەتی لە ڕووداوە ناوخۆییەکانی ئەیالەتی بەسرادا کە والی و سەربازانی ئەیالەتی شارەزوور ڕۆڵێکی کاریگەریان لە دامرکاندنەوەی یاخیبوونی هۆزەکانی بەسرادا هەبووە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارە سەرەکییەدا دەکۆڵێتەوە، کە چۆن بەغدا وەك ناوەندێکی حوکمڕانی نوێ لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا هەژموونی بەسەر جیۆگرافیا، بارودۆخی سیاسی، کارگێری و سەربازییەکانی دەوروبەریدا، وەك: ئەیالەتی شارەزوور(زۆرینەی خاکی باشووری کوردستان) کردووە، هەروەها لەهەمانکاتشدا پێگەی ئەیالەتی شارەزوور لە ڕووداوە ناوخۆییەکانی ئەیالەتی بەسرادا چ کاریگەرییەکی لە یەکلایکردنەوەی کێشە و یاخیبوونی هۆزەکانی ئەیالەتەکەدا هەبووە..؟ ئەم لێکۆڵینەوەیە وەڵامێکی زانستی کراوەی خستۆتەڕوو لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەیالەتی شارەزوور و ئەیالەتەکانی وەك: بەغدا و بەسرا دا.

**کلیلی وشەکان:** شارەزوور، بەغدا، بەسرا، ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، ئیمپراتۆرییەتی سەفەوی.

### 1. پێشەکی

شارەزوور لە مێژووی کوردستاندا پێگەیەکی جیۆستراتیژی گرنگی هەبووە، کە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ململانێی هێزی هەرێمە ناوخۆییەکان، ئیمپراتۆریەت و دەوڵەتە زلهێزەکانی سەردەمە جیاجیاکانی ناو مێژووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست داناوە، شارەزوور لە سەردەمانی مێژووی کۆندا جیۆگرافیاییەکی جیاواز لەسەردەمی سەدەکانی ناوەڕاستدا هەبووە، کە شارەزوور لەسەدەکانی ناوەڕاست جیۆگرافیاییەکەی گەیشتە لوتکەی مێژووی خۆی، بەڵام لەسەردەمی هاتن و باڵکێشبوونی هێزی عوسمانییەکان بۆ سەر شارەزوور لەماوەی ساڵانی 1514-1534زدا باری جیۆگرافیاییەکەی لە سنوورێکی بەرفراوانی مەزن بۆ چوارچێوەیەکی کارگێڕی لە پەیکەری کارگێڕی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دەگۆڕدرێت، لەم خاڵەوە شارەزوور بەجیاواز لە سەردەمەکانی پێشووتردا، لەچوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، جیۆگرافییایەکی گۆڕاوی بۆ دێتەکایەوە لەسەر دوو ئاستی جیاوازدا، یەکەم: پەیکەری کارگێڕی عوسمانی لە ئەیالەتی شارەزوور بە بەردەوامی گۆڕانکاری بە سەر داهاتووە، دووەم: لە قاڵبدانی جیۆگرافیای شارەزوور لە چوارچێوەی دابەشبوونی سیاسی-سەربازی، کە میرنشینە کوردییەکان لە کاتی پەرەسەندن و بەهێزبوونیان وەك: میرنشینی ئەردەڵان لە سەرەتای هاتنی عوسمانییەکان و دواتر بابان، سۆران، داسنیی و بەهدینان سنوورێکی کەمی کارگێڕی و سیاسیان بۆ شارەزوور هەتا وەکو بۆ بەڕێوەبردنی کارگێڕییش هێشتبووە، کە لە ئەنجامدا تەنها کەرکوك وەك ناوەندی بەڕێوەبردنی شارەزوور مایەوە، هەتا هەڵوەشاندنەوەی ئەیالەتی شارەزوور بۆ جاری یەکەم لە 1779زدا، دواتریش رووخاندنی میرنشینەکانی سۆران و بابان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم و دواتر گەڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەندێییەتی عوسمانی بۆ شارەزوور ئەو حاڵەتە گۆڕاوەی جیۆگرافیای شارەزوور تا ساتی کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە باشووری کوردستان لە 1918دا بەردەوامی هەبووە، لە ژێر ڕۆشنایی ئەم گۆڕانکاریانەشدا پەیوەندییەکانی ئەیالەتی شارەزوور لەگەڵ ئەیالەتەکانی تری وەك: بەغدا و بەسرا دا

* ڤەکولەرێ بەرپرس.

This is an open access under a CC BY-NC-SA 4.0 license (https://creativecommons.org/licenses/by-nc-sa/4.0/)

گرێدراون، بۆیە ئەیالەتی شارەزوور لە مێژووی تەواوی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەیالەتەکانی ئاماژەپێکراودا ڕۆڵێکی گەورەی لە ڕووداوەکانی ئەم ئەیالەتانەدا بینییووە چ لەڕووی سەربازی، سیاسی، کارگێڕی و دارایشەوە، لەهەمانکاتیشدا هەژموونی ئەیالەتی بەغدا بەسەر ئەیالەتی شارەزووردا لە چوارچێوەی ئەم پەیوەندیانەدا هاتۆتە ئاراوە و کاریگەری نەرێنی لەسەر دواڕۆژی ئەیالەتی شارەزووردا هەبووە، کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەپێی بەڵگەنامەکانی ئەرشیفخانەی عوسمانی بە وردی باسیلێکراوە.

**گرینگی ئەم توێژینەوەیە:** لە نووسینەوەی مێژووی نوێی کورددا لەماوەی 1514-1918 کەمتر ئاوڕ لە مێژووی ژیاری و کارگێڕی، دارایی، خوێندەواری دراوەتەوە، بەتایبەتی لە هەڵدانەوەی بەڵگەنامە بێشوومارەکانی سەرۆکایەتی فەرمانگەی ئەرشیفی سەرۆك وەزیرانی عوسمانی لە شاری ئیستانبۆڵدا، کە وەك دەریاییەکی بێ کۆتایی وایە، کە بەڵگەنامەی بڵاونەکراوەی لەسەر مێژووی کوردستان و ناوچە جیاوازەکاندا تێیدا هەڵگیراوە، بۆیە لە ئەنجامی بەردەستبوونی ئەم بەڵگەنامانەدا کۆمەڵێك زانیاری نوێ لەسەر پەیوەندییەکانی ئەیالەتی شارەزوور لەگەڵ ئەیالەتەکانی تری عوسمانی وەك: بەغدا و بەسرا بەردەستی توێژەر کەوتوون، کە ڕۆشنایی دەخەنە سەر جۆر و چۆنییەتی پەیوەندییەکانی شارەزوور لەگەڵ ئەم ئەیالەتانەدا، کە کاریگەری ئەم پەیوەندییانە لە سەر دواڕۆژی ئەیالەتی شارەزوور لە چارەکی کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا بەتەواوی دەردەکەوێت، بەتایبەتی لەگەڵ ئەیالەتی بەغدادا، کە هەژموونێکی زۆری بەسەر ئەیالەتی شارەزوورەوە هەبووە، لەهەموو ڕووێکەوە ئەیالەتی ناوبراو بە پاشکۆی ئەیالەتی بەغدا دانراوە، تەنها ئەوکاتە نەبێت کە شەڕ و ئاژاوە لە ئەیالەتی بەغدادا زاڵبووە، بۆیە پەردەهەڵماڵین لەسەر ئەم پەیوەندییانە بەتایبەتی لە پشت بەستن بە بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکانی عوسمانی، کۆمەڵێك زانیاری و داتای نوێ بۆ توێژینگەی مێژوویی کوردستان بەرهەمدەهێنێ، کە بۆ نووسینەوەی مێژووی کورد لە ماوەی حوکمڕانی عوسمانییەکاندا گرنگییەکی پڕ بایەخی هەیە و دەبێت.

**ئامانجی توێژینەوە:** بەئامانجی خستنەڕووی تەواوی ئەو زانیاری و داتایانەی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دەربارەی پەیوەندییەکانی ئەیالەتی شارەزوور لەگەڵ ئەیالەتەکانی تری عوسمانی وەك: بەغدا و بەسرا نووسراون و هەڵگیراون، کە ئامانجێکی پڕ بایەخی ئەم لێکۆڵینەوەیە، بەتایبەتی لە دەرخستنی ڕووی شاراوەی ئەو پەیوەندییانە، کە چ ڕۆڵ و کاریگەرییەکیان لە سەر ڕووداوەکانی سەدەکانی شانزەهەم تا هەژدەهەمدا هەبووە، لە بەستنی ئەم پەیوەندییانەدا کامە ئەیالەت قازانجی زیاتر کردووە.. و کامە ئەیالەتیش زەرەرمەند بووە؟ بۆیە لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا، کۆمەڵێك زانیاری نوێ و ورد لە کۆی ئەم توێژینەوەیەدا خراونەتە بەر لیکۆڵینەوەیەکی شرۆڤەیی و رەخنەیی مێژووییدا.

**هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە:** ئەیالەتی شارەزوور لەسەر شانۆی سیاسی، کارگێڕی و سەربازی کوردستانی سەردەمی عوسمانیدا ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە، بەتایبەتی لە ماوەی نیوەی دووەمی سەدەی شانزەهەم بۆ چارەکی کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا، بەتایبەتی پەیوەندییەکانی ئەیالەتی شارەزوور لەگەڵ ئەیالەتەکانی وەك: بەغدا و بەسرادا، هەڵدانەوەی لاپەڕە شاراوەکانی نێو ئەم پەیوەندییانە و خستنەڕووی ڕاستی پەیوەندییەکان بەپێی ئەو تۆمارانەی لە بەڵگەنامە بڵاونەکراوە و بڵاوکراوەکانی عوسمانی دا هەڵگیراون، هەروەها وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە پەیوەندییەکانی ئەیالەتی شارەزوور، چ کاریگەرییەکی لەسەر دواڕۆژی ئەیالەتی شارەزووردا بەجێهێشتووە..؟ لەم توێژینەوەیەدا وەك گەڕانێك بەدوای هۆکارەکانی ئەم پرسیارەدا، وەڵامەکان خراونەتەڕوو.

**گرفتەکانی توێژینەوە:** گرفتەکانی بەردەم نووسینەوەی مێژووی نوێی کورد زۆرن، بەتایبەتی لە نەبوونی سەرچاوەی بەرایی کە بە زمانی کوردی لە ماوەی چوار سەدە لە 1514-1918زدا نووسرابن، هەروەها نەبوونی ئەرشیفخانەیەکی پارێزراو و دەوڵەمەند بە بەڵگەنامە و دەستنووسی کوردی، کە بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستی لەم ماوە مێژوویەدا سووردی لێوەربگیرێت، ئەمە بێجگەلەوەی کە ئەرشیفخانەی عوسمانی لە ئیستانبۆڵ بە ملیۆنان بەڵگەنامەی لەسەر کورد و مێژووەکەی هەڵگرتووە، بەڵام تەواوی ئەو بەڵگەنامانە نەخراونەتە بەردەمی توێژەران، بەهۆی ئەو سیستەمەی کە سەرۆکایەتی فەرمانگەی ئەرشیفی سەرۆك وەزیرانی عوسمانی لە ئیستانبۆڵ کاری لەسەر دەکات، بۆیە کاتێکی زۆرتر پێویستە تا لەداهاتوودا تەواوی بەڵگەنامەکان لە ئەرشیفخانەکەدا دەخرێنە بەردەمی توێژەران، ئەمە گرفتێکی بنەڕەتییە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لەم ماوە مێژووییەدا، کە هەموو بەڵگەنامەکان نەخراونەتە بەردەستی توێژەران، بەتایبەتی بۆ هەر یەك لە ئەیالەتەکان یان کێشەکان دۆسێییەکی تایبەت نییە، بەڵکو بەڵگەنامەکان بەپێی دامەزراوەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، سەردەمی سوڵتان و پۆلێنکردنەکانی بەڵگەنامەکان وەك (عەلی ئەمیری)دا، لە داتابەیسێکی ئەلیکترۆنیدا خراونەتەڕوو.

**توێژینەوە ئەنجامدراوەکان:** پەیوەندییەکانی ئەیالەتی شارەزوور لەگەڵ ئەیالەتەکانی عوسمانی وەك: بەسرا و بەغدا لە توێژینەوەیەکی سەربەخۆدا تا ئێستا نەخراوەتەڕوو، بەوردی لێکۆڵینەوە لەو پەیوەندییانەدا نەکراوە، بەڵکو لە چوارچێوەی توێژینەوەکاندا بە شێوەیەکی گشتی باسی ئەم پەیوەندییانە کراوە، بەڵام تیشك نەخراوەتە سەر لایەنە شاراوە و وردەکانی نێو پرۆسەی پەیوەندییەکانی ئەیالەتی شارەزوو لەگەڵ ئەیالەتێکی وەك: ئەیالەتی بەغدا، کە چۆن بۆ ماوەی دوو سەد و پانزە ساڵ زیاتر لە نێوان سەدەی شانزەهەم بۆ هەژدەهەمدا هەژموونێکی گەورەی کردۆتە سەر ئەیالەتی شارەزوور لە ڕێگەی ئەو پەیوەندییانەی کە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە چوارچێوەی پەیکەری کارگێڕییەکەیدا لە نێوان ئەیالەتەکاندا ڕێکیخستبوون، بەهەمانشێوە لە پەیوەندی نێوان ئەیالەتی شارەزوور و بەسردا، بۆیە توێژینەوەی ئەنجامدراو لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەم سێ ئەیالەتەدا کە پاڵپشت بە بەڵگەنامەکانی عوسمانی بێت نەکەوتۆتە بەردەستی توێژەر، تاوەکو کەلێنەکانی توێژینەوە ئەنجامدراوەکان بەپێی ڕێبازی توێژینەوەی زانستی مێژوودا پڕ بکاتەوە.

**ڕێبازی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی رێبازی لێکۆڵینەوەی مێژووییدا، ڕێبازی شیکردنەوە و رەخنەیی بۆ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی مێژوویی بۆ زانیاری، داتا، دەقی بەڵگەنامەکان بەشێوەیەکی زۆر ورد بەکارهێنراوە، هەروەها ڕێبازێکی لە رەخنەکردندا بۆ زیاتر دەرخستنی هەقیقەتی پەیوەندییەکانی نێوان ئەیالەتەکاندا خستۆتەڕوو، کە پاڵپشت بە

سەرچاوەی زانستی و بەڵگەنامەکانی عوسمانی بووە، کە دەرئەنجامەکانی بە کۆمەڵێك شیکردنەوەی ورد خراونەتەڕوو.

**پلانی ئەم توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە لە دەروازەیەك و دوو تەوەرەی سەرەکی و دەرئەنجامەکانی پێکهاتووە، کە لە (دەروازە)دا، لایەنی جیۆگرافیا و مێژووی شارەزوور بەپوختی و بەپێی قۆناغە مێژووییەکان و بەتایبەتی لەسەردەمی هاتنی عوسمانییەکاندا خراوەتەڕوو، هەروەها لە (تەوەرەی یەکەم)دا: باس لە پەیوەندییەکانی ئەیالەتی شارەزوور لەگەڵ ئەیالەتی بەغدا کراوە، کە تێیدا وردەکارییەکانی ئەو پەیوەندییە خراونەتەڕوو، بەتایبەتی لە هەژموونکردنی ئەیالەتی بەغدا بەسەر ئەیالەتی شارەزووردا، ئەم پەیوەندییە لەڕووی کارگێری، سیاسی، سەربازی و داراییەوە کاریگەری لەسەر دواڕۆژی ئەیالەتی شارەزوور دادەنێت، لە (تەوەرەی دووەم)دا: پەیوەندییەکانی ئەیالەتی شارەزوور بە ئەیالەتی بەسرادا، کە لە ئەوپەڕی باشووری عێراقی عەرەبیدا بووە خراوەتەڕوو، بەتایبەتی لە بابەتی هاوکاریکردنی ئەیالەتی شارەزوور بۆ ئەیالەتی ناوبراو بۆ دامرکاندنەوەی یاخیبوونی هۆزەکان لەماوەی نیوەی دووەمی سەدەی شانزەهەمدا و لە کۆتاییدا بە وردی دەرئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە خراونەتەڕوو.

**سەرچاوەکانی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە سەرچاوەگەلێکی جۆراوجۆری وەك: سەرچاوەی بەرایی، دەستنووسی بڵاونەکراوە و بەڵگەنامەی بڵاونەکراوە و بڵاوکراوەی عوسمانی بەکارهێناوە، بەتایبەتی بەڵگەنامەی بڵاونەکراوەی عوسمانی کە لەژێر ناونیشانی جیاوازدا لە ئەرشیفخانەی عوسمانی تۆمارکراون بەکارهێنراون، هەروەها دەستنووسی بڵاونەکراوەی وەك: ياسين العمري الخطيب بن خيرالله العمري (1203هـ-1787م): (عنوان الاعيان في ذكر تواريخ ملوك الزمان، حرر في 1203هـ-1787م)، کە وێنە ڕەسەنەکەی ئەم دەستنووسە لە خانەی دەستنووسخانەی نیشتمانی لە بەرلین-ئەڵمانیا پارێزراوە، هەروەها لە بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکانی عوسمانی دا وەك: دەفتەری کارە گرنگەکان(مهمه دفترى)، دەفتەری فەرمانەکانی بابی ئاصەفی(BAB-İ ASAF Defternane-i Amire)، دەفتەری سەرۆکی ژمێریارانی بەغدا(Bağdad Defteri Baş Muhasebe) و لە دۆسییەکانی ئەرشیفی ئەمیری ئەمین بەکارهێنراون، کە زانیاری و داتای زۆر وردییان لەسەر پەیوەندییەکانی ئەیالەتی شارەزوور لەگەڵ ئەیالەتەکاندا بۆ لایەنەکانی وەك: سیاسی، سەربازی، دارایی، ئابووری و جڤاکی تۆمارکردووە، هەروەها کتێبێکی بەڵگەنامەیی گرنگی وەك: **فاضل بيات(إعداد و دراسة و ترجمة)(2010): البلاد العربية في الوثائق العثمانية**، کە تا ئێستا نزیکەی (10) بەرگی بڵاوکراوەتەوە، کە لەبەرگەکانی 1، 2، 3، 5، 6، بەڵگەنامەیەکی زۆری دەربارەی ئەیالەتی شارەزوور بە وێنەی ڕەسەنی بەڵگەنامەکان و وەرگێرانیان لە زمانی تورکی-عوسمانی بۆسەر زمانی عەرەبی بڵاوکردۆتەوە، کە ئەم لێکۆڵینەوەیە سوودێکی زۆری لەم کتێبە بەڵگەنامەیەش بەمەبەستی دەست ڕاگەیشتن بە بەڵگەنامەی زیاتر بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەم توێژینەوە زانستییە وەرگرتووە.

## 2.دەروازە: پوختەیەکی جیۆگرافی و مێژوویی دەربارەی ئەیالەتی شارەزوور

ناو و ڕیشەی ناوی شارەزوور بۆ هەر لێکۆڵەرێکی مێژوویی پێویستی بە پاڵپشتی نووسینەکانی تایبەت بە کنە و پشکنینی شوێنەواری و سەرچاوە بەرایی و یەکەمینەکان هەیە، هەرچەندە بەشێوەیەکی نەبڕاوە لە لێکۆڵینەوە مێژووییەکان و شوێنەوارییەکان لەسەر چەند تایبەتمەندییەکی شارەزوور وەك: ڕیشەی ناوەکەی، مانای ناوەکەی، شوێنی شاری شارەزوور و سنووری جیۆگرافیەکەی لەسەردەمی کۆن تا هاتنی عوسمانییەکان بەتەواوی یەکلاییەنەبۆتەوە (مەعروف، 2021: 58)، ئەمەیش ڕێگرە لە هەڵهێنجانێکی زانستی بڕاوە، کە پێشکەشی توژینگەی مێژوویی کوردستان بکرێت.

شایانی باسە دە بۆچوون بەوردەکاری و بە دەرئەنجامی زمانەوانی و مێژووییەوە لەسەر ناوی شارەزوور توێژینەوەیان لەبارەوە کراوە، وەك ئەمانەی خوارەوە: یەکەم: شاری زۆر کە بۆ (زوری کوری ضحاك)ی بنیاتنەری شاری شارەزوور دەگەڕێتەوە، بەڵام هەموو سەرچاوەکان جەخت لە ناوی فەیروزی کوڕی قوباد(488-531زائینی) دەکەنەوە، کە شارەزووری وەك شارێك بنیاتنابێت، دووەم: شاری هێز، کە (زور) مانای هێز دەبەخشێ، سێیەم: شارە زۆرەکان، لەبەرئەوەی هەرێمی شارەزوور شار و دێهاتی گەلەك هەبوونە، بۆیە شهر بۆ(شار) و زور(پێچەوانەی کەم) کەواتە: شارە زۆرەکان، چوارەم: شهرەزول لە کتێبی (مجمل التواريخ والقصص520ك-1126ز)، بەڵام ناوی نووسەرەکەی نازانرێ و شەرەفخانی بدلیسی لە شەرەفنامەکەییدا بە(شهرەزول) نووسیوویەتی، بەڵام ڕاستتر(شارەزوور-شهرزور)ە، بەڵام شەرەفخانی بدلیسیش مانای ناوەکەی نەنووسیووە و دەشێ لە نووسەری ناوبراوی ڕاگواستبێ، کە پێنج سەدە پێش شەرەفنامە کتێبەکەی نووسیووە، پێنجەم: شهرە ژوور کە بەمانای شاری سەر و یان شاری بەرز هاتووە. شەشەم: سیارە زور(Siarazur) بەم ڕێنووسە لە ڕاپۆرتێکی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی (هیراکلیۆس)، کە بۆ ئەنجومەنی پیرانی ئیمپراتۆریەتەکەی ناردووە تۆمارکراوە. حەوتەم: شە-رەزور، ڤلادیمێری مینۆرسکی خۆرهەڵاتناس و کوردناسی ڕووسی ئاماژە بەوە دەکات، کە وشەکە لە بنەڕەتدا لە (شهرەژور) یان (شهرەزول)ەوە هاتووە، کە مانای دارستانی پاشا دەبەخشێ نەوەك مانای دارستانی ڕەش(سیار زور)، هەشتەم: شارەزوور: کە لە وشەی (شهرەزور) کە وشەیەکی لێکدراوە پێکهاتووە، کە برگەی (زور) لە زمانی ئاڤێستاییدا وەرگیراوە لە (جفره یان قول) و ژوور بە کوردی (هودە یان ناوەوە) و لەزمانی عەرەبیشدا (زور) واتا (قوڵ)، قوڵیش بەزمانی فارسی مانای چەماندنەوە یان جامێکی فراوان دەبەخشێ، کەواتە: شهرەزول یان شهرزول یان شارەزوور: شارێکی نزم، کە وشەی (زورق) لە بنچینەدا لە زمانی فارسیدا وەرگیراوە، کە لە زور وەرگیراوە پاشگری (ە ك)ی خراوەتە سەر کەواتە: زەورەك، مانای قوڵ یان نزمایی دەبەخشێ، نۆیەم: شهرزور بە سەر بۆر(الفتحه) کە وشەیەکی لێکدراوە، چونکە لە زمانی کوردیدا بۆ وشەیەکی لێکدراو بزوێنی(ە) دەنوسرێ، کە لە عەرەبیدا (سەربۆر-الفتحه)یە: وەك: شهرەزور=شهرزور، گردەبۆر=گردبور ناوی گردێکە لە سلێمانی، شێوەزوور=شیوزور ناوی تیرەیەکە لە ناوچەی باڵەکایەتیی و یەکێك لە دۆڵەکانی ناوچەی باڵەکایەتیی پێکدەهێنێت، بۆیە سەلمێندراوە کە شارەزوور یان شهرەزور ناوێکی لێکدراوی کوردییە، کە بەمانای شاری نزم یان ناوچەی نزم دێت، کە ئەمەش لەگەڵ شێوەی باری جیۆگرافیای شارەزوور، کە نزمایییەکی زۆری هەیە دەگونجێ، کە ئەم نزمبوونەوەیەش لە

ئەنجامی ڕۆچوونی ناوچەكە هاتوتە كایەوە، كە لەسەرەتادا دەریاچەیەك بوویێت كە ڕێژگەكەی لە گەرووی دەربەندیخانەوە بێت، كە بەهۆی جیابوونەوەی چیاكان گەروی دەربەندیخان دەركەوتبێت، كە ژێرەوەی دەریاچەكەش لە ئەنجامی نیشتەنی خاكدا لە ئاوی چیا نزیكەكانییەوە هاتووە و داخورانی بەردەكانی گەروی دەربەندیخان كە لار بوونەتەوە كە بوو بەهۆی وشكبوون و ڕۆچوونی ئاوی دەریاچەكە بەزەویدا دەركەوتنی نزماییەكانی شارەزوور(نەقشبەندی، 2008: 109-112).

سەبارەت بە سنووری شارەزوور لەسەردەمی عوسمانییەكاندا گوزارشت لە زۆرینەی ناوچەكانی باشووری كوردستان بووە، بەتایبەتی لەسەرەتای سەدەی شانزەهەم تا مۆركردنی پەیماننامەی زەهاو لە 1639زدا، كە بەمشێوەییە بووە: ***لە خۆرئاوای كرماشان كە ناوچەكانی چەنگۆڵە و درنە، كەرەند-گەرەند، زەهاو قەصری شیرین تا مەریوان و هەورامان، لە ئوستانی كوردستان-سننە و ئەو چیایانەی كەوتونەتە نێوانی پاوە و زەهاو یان ناوچەی پاوە كە ئێستا ئەم ناوچەیە سەر بە ئوستانی كرماشانن، لەگەڵ شنۆ و قەزای سەردەشت و بێتوش لەناوچەكانی ساوچبلاغ-مەهاباد لە ناوچەی موكریدا، لەناوخۆیی كوردستان لە ئێراندا بۆ ناوچەی برادۆست و شێروانا مەزن لە بارزان و لە باكووری ئەیالەتی شارەزووردا بەشێك لە ناوچەی هەكاری كە ئێستا بەشێكە لە سنووری توركیادا بەشێك بوون لە یەكە كارگێرییە بەرفراوانەكانی ویلایەتی شارەزووردا، كە مەڵبەندەكەی شاری كەركوك بووە. ئەمە بێجگەلەوەی قەزاكانی ئامێدی و دهۆك و زاخۆ و ئاكرێ واتە ئەو ناوچەی كەوتبووە نێوانی خۆرئاوای زابی گەورە و بێجگە لەو خاكی كوردانەی كە دەكەوێتە خۆرئاوای دیجلە لە ناحیەكانی زوممار و شەنگالدا بەشێك نەبوون لە سنووری ئەیالەتی شارەزووردا*** (یوسف، 2005: 120).

ئەم سنوورە بەرفراوانەی شارەزوور بەدرێژایی مێژوو لەڕووی بازرگانییەوە لەسەر ڕێگەیەكی بازرگانی گرنگ لە بەستنەوەی ڕێی بازرگانی وشكانی لەنێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوای جیهاندا بووە، هەروەها لە بازرگانی ناوخۆییدا هەرێمی شارەزوور، كە خودی شاری شارەزوور و هەرێمەكەی لەنێوان شارە گەورەكانی وەك هەولێر و هەمەداندا هەڵكەوتبوو، بەتایبەتی دەشتی شارەزوور ئاسانكارییەكی گەورەی بۆ هاتوچۆی بازرگانی هێنابوویە كایەوە، ئەمە بێجگەلەوەی لە ڕێڕەوە بازرگانییەكانی كە كەوتبوونە نێوان چیاكانی پێنجوێن و هەڵەبجە و ڕایاتدا، كە ئەم ڕێڕەو بازرگانیانە كاروانە بازرگانییەكانی بە وڵاتانی خۆرهەڵات دەبەستەوە، ئەمە بێجگەلەوەی لە ناوخۆیی هەرێمی شارەزووردا كار و كاروانە بازرگانییەكانی لە هەڵەبجەوە بەناوچەكانی ئازەربایجان و دەریاچەی ورمێ دەبەسترانەوە(برهان، 2011: 20-21)، تا ئەمڕۆش ئەم سێ ڕێڕەوە بازرگانییە وەك دەروازەیەكی سنووری نێودەوڵەتی لەنێوان هەرێمی كوردستان-عێراق و دەوڵەتی ئێران بەكاردەهێنرێن.

شارەزوور لەدوای هەڵمەتە سەربازییەكەی سوڵتان سلێمانی قانوونی(1520-1566) كە ناونراوە هەڵمەتی سەر دوو عێراقەكە(سفر العراقين-Irakeyn Seferi) كە مێژوونووسانی عوسمانی لەبارەیانەوە نووسیووە، بەتایبەتی لەدوای دەیەی سییەكانی سەدەی شانزەهەمدا كۆمەڵێك ڕووبەڕووبونەوەی سەربازی لە نێوان ئیمپیراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی بەخۆیەوە دەبینێت، دوای هەڵمەتی یەكەمینی سوڵتان سلێمانی قانوونی بۆ خۆرهەڵات، كە توانی لە 28-30ی تەشرینی یەكەمی 1534 دا شاری بەغدا بخاتە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتەكەی، ئەمەش بە یارمەتیدانی میرانی كورد بوو، كە سەر بە ئەیالەتی بەغدا و دیاربەكر بوون، كە تێیدا فەرمانێكی سوڵتانی بۆ میرانی كورد نارد و نووسیبووی: كە هەموو میرانی كورد لە ویلایەت، قەڵاكان، شارەكان، گوند و كێڵگەكان و بەرهەمەكانیان دەكرێتە موڵكی خۆیان و بەناوی میرانی كوردەوە تۆمار دەكرێن و دوایش بۆ كوڕەكانیان دەگوێزرێتەوە، هیچ دەخالەتێك لە كاروباریان ناكرێت و لە هێرشی دەرەكی(سەفەوییەكان) دەپارێزرێن، هەروەها لەكاتی كۆچی دوایی هەر میرێكی كورد دا یەكێك لە كوڕەكانی لە جێگەی دادەنرێت، بەڵام ئەگەر كوڕ و نەوەی نەبوو، ئەوا میرانی كورد كۆبونەوە دەكەن و میرێكی لێهاتوو لەناو كوڕانی میرانی تری كورد هەڵدەبژێرن، لەبەرانبەر ئەم نامە پڕ بەڵێنكارییەدا میرانی كورد لە ئەیالەتی دیاربەكر و بەغدای ئەوسادا بەهەموو توانا سەربازی و مرۆییەكانیانەوە بەشداری لە هەڵمەتبردنە سەر سەفەوییەكانیان كرد(حسن و الجوادي، 2019: 205).

شایانی باسە لەكاتی گەڕانەوەی سوڵتان سلێمانی قانوونی لە هەڵمەتە سەربازییەكەیدا، كە بە كوردستان بۆ شاری تەورێز لە وڵاتی فارسدا تێدەپەڕی، لە 18ی نیسانی 1535زدا میر عزەددین شێری میری میرنشینی سۆرانی لەبەردەم ئەنجوومەنی وەزیرانی عوسمانی لە گۆپتەپەی ناوچەی شواندا سەری لە لاشەی جیاكردەوە، بەبیانوی بەنهێنی هاوكاریكردن لەگەڵ قزڵباشەكان(سەفەوییەكان) (مطراقي زادة، 2003: 110-111)هەر وەكو نەصووحیی ئەفەندی سیلاحی ناسراو بە ماترەكچیزادە 1480_1564(Matrakçı Nasuh) شارەزای زانستەكانی ماتماتیك، جوگرافیا و ئەندازەی بیناسازی بووە, لە ساڵی 1534_1535، كە نووسەر و هاوسەفەری هەڵمەتە سەربازییەكەی سوڵتان سلێمانی قانوونی بووە، هەموو وەقائیعی ڕووداوەكانی تۆماركردووە، دوای ئەم ڕووداوە سوڵتان سلێمانی قانوونی فەرمانڕەوایی ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی میرنشینی سۆران بە حوسێن بەگی داسنی دەبەخشێ(؟-1564) بۆیە پرسیارێك دێتە ئاراوە، كە بۆچی سوڵتانی عوسمانی كە لەهەمانكاتیشدا خەلیفەی مووسڵمانان بووە، بەڵام حوكمڕانی ناوچەیەكی زۆرینە مووسڵمانی(وەك ناوچەكانی میرنشینی سۆران) داوەتە ئێزدییەكان كە ئاینێكی جیاوازیان هەیە..؟ بۆیە وەڵامەكەی ئەمەیە، كە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لەوكاتدا مامەڵەی لەگەڵ داسنییەكان لەسەر بنەمای ئایین نەكردووە، بەڵكو لەسەر بنەمای لێهاتوویی كارگێڕی داسنییەكان لە بەڕێوەبردنی یەكە كارگێرییەكاندا كردووە، كە بە ئەوانی سپاردوە تا ڕادەیەكی باش تێیدا سەركەوتوو بوونە، لەبەرئەوەی داسنییەكانیش بە تائیفەیەك لە كۆمەڵی موسلمانی ئەوكات هەژماركراون(حسن، 2022: 119-120 و 123)، هەر بۆیە لەو كاتەدا ناوچەكانی هەولێر، شەقڵاوە، هەریر، دوین و سماقولی بوون بە شوێنی پێكدادانی سەربازی نێوان میراتگرانی میرنشینی سۆران و داسنییەكان كە بۆ ماوەی نزیكەی چوار دەیە(چل ساڵ) بەردەوامی هەبوو، كە سەرئەنجام میراتگرانی میرنشینی سۆران بەسەر داسنییەكاندا سەركەوتن و بەتەواوی لە ناوچەكانی میرنشینی سۆران دووریان خستوونەتەوە.(بدلیسی، 2017: 442-446)

هەر لەم سەروبەندی ڕووداوە ناوخۆییەکانی میرنشینی سۆراندا و لەدوای مردنی مەئموون بەگی یەکەمی ئەردەڵان قەڵا و سەنجەقەکانی ناوچەی شارەزوور لە نێوان میراتگرانی(کوڕەکانی بێگە بەگ، سورخاب بەگ و موحەممەد بەگ) دابەشکرا، بەڵام بەهۆکاری ناتەبایی و بیانووەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بۆ دابینکردنی ئارامی بۆ پشتێنەی ڕێگەی بەغدا، لە ساڵی 1538زدا سوپای عوسمانی بەهاوکاری سوڵتان حوسێن بەگی ئامێدی هێرشی کردە سەر مەریوان، سنە و شارەزوور، هەرچەندە (مەئموون بەگی بێگە بەگ) بەرگرییەکی بێ وێنەی لە قەڵای زەڵم کرد، بەڵام دەرەقەتی هێزی هێرشکاری عوسمانی نەهات، بۆیە پەنای بۆ ئیستانبۆڵ برد و لە بەرانبەردا خرایە زیندان، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی (سورخاب بەگ)ی مامی (مەئموون بەگ) لەسەر شانۆی سیاسی شارەزووردا، بەستنی هاوپەیمانیەتی لەگەڵ شا (تەهماسبی سەفەوی1524-1576) وای لە سوڵتان (سلێمانی قانوون)ی کرد لەبەرانبەردا (مەئموون بەگی بێگە بەگ) بە والی ئەیالەتی حیللە(بابل) و براکەی (ئیسماعیل بەگ) بە حاکمی سروچك دابمەزرێنێ(قەفتان، 2021، 272-273 و بدلیسی، 2017، 185).

هەر بۆیە لەسەردەمی دوای هاتنی عوسمانییەکان 1514-1534زدا، بەتایبەتی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان لە سنووری ئەیالەتی شارەزووردا، هەر تەنها شوێنی شەڕی نێوان ئیمپراتۆریەتی سەفەوی-عوسمانی و میراتگرانی دەسەڵات لە میرنشینە کوردییەکان نەبوو، بەڵکو هەندێك جار هێزی ئەم ناوچانە بۆ هەڵمەتە سەربازییەکانی دەرەوەی سنووری شارەزووریش کۆکراونەتەوە و نێردراون، وەك لە فەرمانێکی سوڵتان (سلێمانی قانوون)ی لە 1ی شوباتی 1545زدا بۆ هەر یەك لە لیواکانی: هەولێر(ئەربیل)، کەرکوك، حەریر و دوین(سۆران)، بابان، هەورامان (ئەورامان)، باجەڵان (باجوانلو)، رومی و شنۆ (ئەشنۆ)، کە سەر بە ویلایەتی بەغدا بوونە نێردراوە و داوای لێکردوون ئامادەکاری لەڕووی کۆکردنەوە و ناردنی سەرباز و پێدوایستییەکانی شەڕ بکەن، کە لەسەر پردی (بەلگراد) چاوەڕێی گەیشتنیانی کردووە، شایانی باسە خودی سوڵتانی عوسمانی (سلێمانی قانوونی) سەرپەرشتی ئەو هەڵمەتە سەربازییەی کردووە (Topkapı Saray Arşivi, E.6607/2).

شایانی باسە؛ لەماوەی چارەکی دووەمی نیوەی یەکەمی سەدەی شانزەهەمدا، قەڵای زەڵم ناوەندی پێکدادانی نێوان هێزەکانی عوسمانی و ئەردەڵان لەسەر خاکی شارەزووردا بوو، بەتایبەتی دوای قوولبوونەوەی ناکۆکییەکانی نێوان (سورخاب بەگ)ی میری ئەردەڵان و ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، ئەمەش دوای دانانی (موحەممەد بەڵتەچی) بە والی ئەیالەتی بەغدا لە ماوەی ساڵانی 1549 و 1551زدا، کە تا ئەوکاتە شارەزوور سەنجەقێك بوو لە ئەیالەتی ئاماژەپێکراودا و لە ساڵی 1549زدا ئەم والیە هێرشی کردە سەر قەڵای زەڵم و دۆرپێچکردنی قەڵاکە(زەڵم)، بەڵام کاتێکی زۆری کێشا، بۆیە بە ڕێککەوتنی نێوان (سورخاب بەگ)ی ئەردەڵان و (موحەممەد بەڵتەچی) والی بەغدا شەڕەکە کۆتاییهات و قەڵای زەڵم بەیەکجاری ڕادەستی عوسمانییەکان کرا و (سورخاب بەگ)یش کشایەوە (قەفتان، 2021: 273-274).

هەر بۆیە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە سنووری ناوخۆیی یەکە کارگێڕییەکاندا بەتایبەتی ئەو شارانەی کە گرنگیەکی گەورەیان هەبووە پارێزگاری لێکردوون، بۆ نموونە: قەڵای شاری کەرکوك، کە بەپێی بڕیارێکی دیوانی سوڵتانی عوسمانی لە ئیستانبوڵ کە بۆ بەرپرسی دارایی ویلایەتی بەغدا لە 22ی کانوونی دووەمی 1552زدا نێردراوە و فەرمانی پێکراوە، کە بەبێئەوەی کەمتەرخەمی بنوێنێ بودجەیەك(لەبەڵگەنامەکەدا نووسراوە ئاقچە: دراوی عوسمانی)، بیناکار(وەستای دیوار)، دارتاش و هەر پێویستییەکی تر بۆ نۆژەنکردنەوە و سەرلەنوێ بیناکردنەوەی قەڵای کەرکوك بنێرێت، لەبەرئەوەی بۆ چوار جار و لەماوەی چوار مانگدا میری سەنجەقی کەرکوك (میر فەروخ) داوای لە ناوبراو(سوڵتانی عوسمانی) کردووە، کە قەڵای کەرکوك دیوارەکانی لە رووخاندان و پێویستە سەرلەنوێ نۆژەنبکرێتەوە، بەڵام بەرپرسی دارایی ویلایەتی بەغدا پێی ڕاگەیاندووبوون، کە داواکارییەکانیان جێ بەجێ دەکات و بیناکارەکان دەنێرێت، بەڵام لە بەغداوە هیچ بەڵێنێك جێبەجێنەکراوە و لەبەرانبەردا دیوانی سوڵتانی عوسمانی ئاماژە بە گرنگی قەڵای کەرکوك کردووە، کە لە سنووری دەوڵەتی سەفەویەوە نزیکە و قەڵاکەش لە خشتەی قوڕ دروستکراوە، بۆیە بڕیاریداوە کە بەزوویی نۆژەن بکرێتەوە (مهمە دفتری "طوب قابي سرای": رقم دفتر 888، 53)

لەم ساتەوەختەی باڵکێشبوونی تازەی دەسەڵاتیی عوسمانییەکان، کێشە و ململانێی نێوان میرانی میرنشینی ئەردەڵان لەسەر میراتی دەسەڵاتدارییەتی خۆجێی شارەزوور هەڵگیرسا، ئەمەش دوای مردنی (بێگە بەگ)ی میری شارەزوور لە (1549ز) کە لە بنەماڵەی ئەردەڵانییەکان بووە، براکەی (سورخاب بەگ) لە پێشووتریشدا داوای دەسەڵات و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (بێگە بەگ)ی برای بە پشتیوانی سەفەوییەکان کردبوو، بەڵام بەهۆی بەهێزی و بەرپەچدانەوەی هەوڵەکانی لەلایەن (بێگە بەگ)ەوە. (سورخاب بەگ) لەهەموو هەوڵەکانی شکستی هێنابوو، بۆیە کە (مەئموونی کوڕی بێگە بەگ) هاتە سەر دەسەڵات، بەڵام بەدەسەڵاتداریەتیەکی زۆر لاواز شوێنی باوکی گرتەوە، ئەمە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی هاندا کە برای (بێگە بەگ) بەناوی (موحەممەد بەگ) بێنێتە سەر دەسەڵات و (مەئمونی کوڕی بێگە بەگ) لە دەسەڵات دووربخاتەوە، دوای ئەم پێشهاتانە لەسەر خاکی شارەزوور دیوانی سوڵتانی عوسمانی لە 13ی حوزەیرانی 1552زدا فەرمانێکی بەدامەزراندنی (موحەممەد بەگ)ی برای (بێگە بەگ) بە میری لیوای شارەزوور دەرکردووە بۆ ئەوەی خراپەکاری و هەڵگەرانەوەی براکەی (سورخاب بەگ) کۆتایی پێبهێنێت، هەر لەو فەرمانە سوڵتانییەدا میری میرانی دیاربەکر (ئەیاس پاشا) و سەربازەکانی و (سوڵتان حوسێن)ی حاکمی میرنشینی ئامێدی، سەرجەم سەربازەکانی میرانی کوردستان، پیاوماقوڵان و خەڵکی شارەزوور، کە بەتێکڕایی خراونەتە خزمەت هەڵمەتی ڕووبەڕووبونەوەی (سورخاب بەگ)ی لایەنگری ئیمپراتۆریەتی سەفەوی، کە دەسەڵاتی ئەوە بە (موحەممەد بەگ)ی میر لیوای شارەزوور درابوو، کە دوودڵی لە خاوێنکردنەوەی شارەزوور لە کەسانی خراپەکار، هەڵگەڕاوە لە دین و کەسانی ستەمکار نەکات(مهمە دفتری "طوب قابي سرای", رقم دفتر 888، 264-ب).

ئەم شەڕ و ململانێ ناوخۆییەی ئەردەڵانییەکان لەسەر دەسەڵات حەقیقەتێکی تاڵی ناو مێژووی کوردە لەسەردەمی نوێدا، بۆیە لە هاوینی 1552زدا براکانی میراتگر لە میرنشینی ئەردەڵان لە سەر خاکی شارەزوور شەڕێکی گەرمی ململانێی خوێناوی

بەدرێژایی هاوینەکە بەرپا دەکەن، هەتا سوڵتان (سلێمانی قانوون)ی بۆئەوەی ململانێکە گەرمتر بێت بە(عەبدی شاهی) نوێنەری (موحەممەد بەگ)ی برای (بێگە بەگ) کە ئەوکاتی لە ئیستانبوڵ بووە، لە 13ی ئابی 1552زدا، نامەیەك و جل وبەرگێکی تایبەتی خۆی کە ناوزەد بووە بە (خلعت همایونی-خلع السلطانية) کە پادشاکانی سەدەکانی ناوەراست بۆ یەك جار ئەم جل و بەرگەیان لەبەردەکرد، کە لە گرانترین و بە بەهاترین و باشترین جۆری کوتاڵی لۆکە دروستدەکرا و دواتر دەیاندا بە دەستوپێوەندە نزیکەکانیان، ئەم دەستە جلە سوڵتانیەی بۆ (موحەممەد بەگ)ی میر لیوای شارەزوور دەنێرێت، کە تێیدا فەرمانیکردبوو هەر لەگەڵ گەیشتنی نامەکەیدا دەست بەهەڵمەتێکی سەربازی بۆ پاککردنەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەلاّتی لە هەژموونی سەفەوییەکاندا بکات(مهمه دفترى "طوب قابي سراى", رقم دفتر 888، 349 أ-ب).

وادیارە کێشەی بنەماڵەی بێگە بەگ فەرمانڕەوایی شارەزوور بۆ یاخیبوونی تر لەناوچەکەدا سەری کێشاوە، بۆیە یەکێك لە براکانی (موحەممەد بەگ)ی میر لیوای شارەزوور بوو بەلایەنگری (سورخاب بەگ) کە ناوی (قەیتماس بەگ)بوو، بەلاّم لە ئەنجامی ڕووبەڕووبونەوەی لەگەڵ عوسمانیەکاندا دەکوژرێت، ئەمەش دەبێتە هۆکارێك کە هەر سێ کوڕەکەی (قەیتماس بەگ) بەناوەکانی(سوڵتان حوسێن، بابر بەگ و زەینەڵ بەگ) لەدژی مامەکەیان(موحەممەد بەگ) درێژە بەو ململانێیە دەدەن، لەدوای ئەم ڕووداوانە دیوانی سوڵتانی عوسمانی نامەیەکی تایبەتی لێخۆشبوون لە 2ی ئابی 1552زدا بۆ (سوڵتان حوسێنی کوڕی قەیتماس بەگ) دەنێرێت و تێیدا فەرمانی لێخۆشبوونی پێرادەگەیەنێت و فەرمانی پێدەکات، کە بگەڕێتەوە ژێر فەرمانڕەوایی مامەکەی(موحەممەد بەگی بێگە بەگ) میرلیوای شارەزوو و بەمەبەستی بەشداریکردن لە هەڵمەتە سەربازییەکانی ناوچەی شارەزوور دژ بە (سورخاب بەگ)ی مامی کە لایەنگری سەفەوییەکان بووە، لەهەمانکاتیشدا ئەو لێخۆشبوونە بەمایەی سەربەرزی و خۆشبەختی ئەوی زانیووە و بەڵێنی ئەوەیشی پێدراوە وەك دانانی بە میری سەنجەقێك پاداشتەکەی دەدرێتەوە، بەومەرجەی لە چوونە پاڵ مامەکەی(موحەممەد بەگی بێگە بەگ) دوانەکەوێت و پێش ئەو کاتەی هەیەتی لەدەستی بچێت (مهمه دفترى "طوب قابي سراى", رقم دفتر 888: 349أ-ب), شایانی باسە ئیمپراتوریەتی عوسمانی لەهاوینی 1552 ویستویەتی بەتەواوی یاخیبوونی (سورخاب)ی برای (بێگە بەگ) یەکلایی بکاتەوە، هەموو برازاکانی(سورخاب بەگ)یش بێنێتەوە ژێر ئاڵای هێزەکانی عوسمانی و بەتەنها هێشتنەوەی (سورخاب بەگ)ی ئەردەلان بۆ ئەوەی بەتەواوی لەڕووی دەروونی، مەعنەوی خێزانی و سەربازی لەبەردەم دەسەلاّتی سەفەوییەکاندا بیشکێنن و دواتریش بەسەربازانی کوردی بندەستی عوسمانی بەتەواوی دەسەلاّتەکەی لەناوببرێت..! سەرەرای ئەوەی کە ئیمپراتورییەتی عوسمانی چۆن ئامرازەکانی دەوڵەت و بەخشینەکانی بۆ بالاّدەستکردن و هەژموونکردنی دەسەلاّتەکەی بەکارهێناوە..؟ کە ئامانجی سەرەکیەکە لاوازکردن و نانەوەی دووبەرەکی لەنێو یەك خێزانی حوکمرانی شارەزووردا بووە و بۆئەوەی لە کۆتاییدا خۆی وەك دەسەلاّتی یەکەمی ناوچەکە بمێنێتەوە، دەسەلاّت و کۆمەڵی کوردیش وەك پاشکۆ و بندەستی ئەوان(عوسمانییەکان) دەربکەوێت و بمێنێتەوە, بۆیە بە ڕوونی جێبەجێکردنی سیاسەتیی لە مێژینەی (پەرتکە و زاڵبە) بوو.

هەر لەگەڵ دەرچوواندنی فەرمانی لێخۆشبوون بۆ (سوڵتان حوسێنی کوڕی قەیتماس بەگ)، فەرمانی لێخۆشبوون بۆ دوو براکەی تریشی کە (موحسن و ئەرسەلان جان)بوون لە ڕۆژی 2ی ئابی 1552زدا دەرچوو، لەفەرمانەکەدا بەهەمانشێوەی نووسین و داواکارییەکانی پێشووی ئیمپراتوریەتی عوسمانی، کە رووبەڕووی (سوڵتان حوسێنی کوڕی قایتماس بەگ) برایان کرابویەوە و ئاڕاستەی ئەم دووبرایەش کرابویەوە، بەلاّم لە بەرانبەردا پەیمانی ئەوەیان پێدراو بوو کە قەلاّی نوی(نوی قلعەسی)یان لەشارەزوور پێدەدرێت، ئەگەر بە دڵ و گیان دەستبخەنە ناودەستی (موحەممەد بەگ)ی مامیان و پشتگیری هەڵمەتە سەربازییەکانی بکەن(مهمه دفترى "طوب قابي سراى", رقم دفتر 888، ص 349ب-350أ). لە دەرئەنجامدا ئیمپراتوریەتی عوسمانی (سورخاب بەگ)ی لایەنگری ئیپمراتوریەتی سەفەوی لە شارەزوور بە تەنها لە گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونەوەی عوسمانییەکاندا هێشتەوە، بەلاّم هێشتا (موحەممەد بەگ)ی میر لیوای شارەزوور نەیتوانی هەڵمەتە سەربازییەکانی دەستپێبکات، سەرەڕای ئەوەی کە هەموو میرەکانی ناو بنەماڵەکەی پاڵپشتی بوون...!

بۆیە میرلیوای ناوبراو داوای لە دیوانی سوڵتانی عوسمانی کرد، کە یارمەتی سەربازی بۆ بنێرێت لەوانە: کۆمەڵێك لە سەربازانی سوپای ئینکشاری، هەر لەوکاتدا دەستبەجێ ئیمپراتوریەتی عوسمانی لە 15ی ئابی 1552زدا فەرمانی بە میری میرانی ویلایەتی بەغدا کردووە، کە هێز بۆ شارەزوور بنێرێت، کە میرلیوای شارەزوور داوای کۆمەڵێك سەربازی ئینکشاری کردووە، کە تێیدا فەرمانکراوە ئەو هێزەی دەنێردرێت ئاگاداری ڕێگەی گەیشتنیان بەشارەزوور بن بەتایبەتی لە کەرکوك مەترسی ئەوە دەکرێ کە هێرشیان بکرێتە سەر، سەرەڕای ئەمەش ئاگادار کراونەتەوە کە هیچ خراپەکارییەکیش ئەنجامنەدەن، هەر لەونامەیدا ئاماژە بە نیەتی سەفەوییەکان کراوە، کە دەیانەوێت (سورخاب بەگ) و کوڕانی (قایتماس بەگ) بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان، بەلاّم دوای دەستبەسەرداگرتنی وڵاتی شارەزوور (بلاد الشهرزور) هەموویان لەناوبەن، بۆیە داواشی لە (موحەممەد بەگ)ی فەرمانڕەوایی شارەزوور کردووە، کە پەیوەندی لەگەڵ سەرۆك هۆزەکان و میرەکانی ناوچەکە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی سەفەوییەکان ببەستێت، هەروەها پەیوەندی بە میری سەنجەقی (دەرتەنگ) بکات، کە ئەوکاتە سەنجەقێك(پارێزگایەك)یەکی ویلایەتی بەغدا بووە، بۆ ڕاوێژکردن لەسەر ڕەوشەکە و لەهەمانکاتیشدا کار بۆ پچڕاندنی پەیوەندی نێوان (سورخاب بەگ) و کوڕانی (قەیتماس بەگ) بەیەکجاری بکرێت بۆ سەرکەوتن لەو ڕووبەڕووبونەوەیەدا(مهمه دفترى "طوب قابي سراى", رقم دفتر 888: 372ب-373 أ).

هەرچەندە شا تەهماسبی سەفەوی هێزی بۆ شکاندنی دۆرپێچکردنکردنەکەی سەر قەلاّی زەڵم نارد بوو، بەلاّم ئەمە بوو بەهۆکارێك بۆ دەستەهڵگرتنی (عوسمان پاشا) فەرماندەی عوسمانییەکان لە گەمارۆدانی قەلاّکە و دواتر مردنی (بدلیسی، 2017: 189)، بەلاّم (ئیبراهیم ئەفەندی) لە کتێبەکەیدا (تاریخ پچوی) باس لە گەمارۆدانی قەلاّی زەڵم دەکات، کە بەسەرەتای داگیرکردنی مەملەکەتی شارەزوور لەلایەن عوسمانییەکانەوە دادەنێت، بەلاّم دەستبەسەرداگرتنی قەلاّی زەڵم شارەزووردا زۆر ئاسان نەبووە، چونکە هێز و سەربازانی کوردی نێو قەلاّکە وەك چیا وابوونە، ئاماژەش بەوەدەکات، کە قەلاّی زەڵم کەوتۆتە

ناوەڕاستی مەملەکەتی لوڕەکان، بۆیە هێزێکی گەورەی عوسمانییەکان لەئەیالەتی بەغدا و لوڕستان بەسەرکردایەتی (عوسمان پاشا) و (موحەممەد پاشای بەڵتەجی) میری میرانی بەغدا، کە بۆ ماوەیەکی زۆر قەڵاکەیان دۆرپێچداوە، لە ئەنجامدا هەم (عوسمان پاشا) دەمرێ و هەمیش (سورخاب بەگ)ی سەرداری قەڵای زەڵمیش هەڵدێ و دانیشتوانی قەڵاکە دەکەونە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، سەرئەنجامی ئەم شکستەی قەڵای زەڵم، سەردارانی قەڵاکانی دیکەی شارەزووریش وەك: قەڵاکانی هاوار، نەقود(نەوسوود)، باسکە، شەمێران، فەرەنجە، بانە، ستارە و بروجە لەلایەن میرەکانیانەوە کلیلی قەڵاکانیان تەسلیم بە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی کراوە، کاریگەرییەکانی رووخانی قەڵای زەڵم زۆر دووررتر ڕۆیشت و هەر یەك لە (ئۆغورلۆ بەگ) و (میر یەساق بەگ)ی قزڵباش بە دوو هەزارماڵەوە بوون بە ملکەچ و ڕەعییەتی سوڵتانی عوسمانی(سلێمانی قانوونی 1520-1566)، لە ئەنجامدا هەموو هەرێمی شارەزوور و ناحیەی بلقاص کەوتنە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان و (موراد بەگ) وەك میری ویلایەتی شارەزوور دانرا(پچوی، 2015: 370)، وەك لە ئینسایکلۆپیدیای ئیسلامی (Islam Ansiklopedisi) کە بەزمانی تورکی بڵاوبۆتەوە، ئاماژە بەڕۆژی داگیرکردنی قەڵای زەڵم لەلایەن سوپای عوسمانیەوە دەکات، کە لە 22ی ئابی 1554زدا بووە (Mahmud, 2013: S474).

شایانی باسە لەم هەڵمەتە سەربازییە کە بۆ سەر شارەزوور ئەنجامدراوە، کۆمەڵێك میری کوردیش بەشداربوونە لەوانە: میرێکی تائیفەی داسنیان بەناوی ئێزەدین (عیزەددینی کوڕی عەبدال/ئەبدال) لەبەر لێهاتوویی و سەرکەوتنەکانی سوڵتانی عوسمانی لە 7ی تەشرینی یەکەمی 1556زدا فەرمانی بە والی بەغدا کردووە، کە بە تیمارێکی (6000) هەزار ئاقچەیی خەڵاتی ناوبراو بکات(حسن، 2022: 119-120)، بەڵام لە فەرمانێکی تری سوڵتانی عوسمانیدا شوێنی ئەو تیمارەی بۆ (عیزەددینی کوڕی ئەبدال) لە لوڕستان دیاریکردووە و ئەمەش لە ئەنجامی بەشداربوونی ناوبراوە بووە لە هەڵمەتی سەر شارەزووردا، لەم فەرمانەدا (عیزەددینی کوڕی ئەبدال) بە (عیزەددین ئۆغڵۆبەگ) کە سەرۆکی تائیفەی شێخانە دەناسێنێت ( BOA:MHM.Defter No: 2.Hüküm No:1643: 180)، ئەمەش مانای وایە کە سەرۆکی ئێزدییەکان بووە لە شێخان و دەوروبەریدا، وەك لە فەرمانەکەی ڕۆژی 7ی تەشرینی یەکەمی 1556زدا دیوانی سوڵتانی عوسمانی دا هاتووە، کە پاڵپشت بەنامەی میری میرانی بەغدا بووە.

دوای ئەم ڕووداوە لە 23ی ئەیلولی 1554زدا دیوانی سوڵتانی عوسمانی فەرمانی بە میری میرانی بەغدا (بغداد بگلربگ) کردووە، کە (موراد بەگ) بە میری سەنجەقی شارەزوور دابمەزرێنێت، لەبەرئەوەی ناوبراو سەر قافڵەی شانازی بووە بۆ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، هەروەها داهاتی شارەزوور، کە نزیکەی شەشسەد هەزار ئاقچە بووە، سەد هەزاری ئاقچەی لێدراوەتە سەنجەقی مووسڵ، کە ئەمەش دوای مانەوەی پێنج سەد هەزار ئاقچە بۆ سەنجەقی شارەزوور کە دیوانی سوڵتانی بە داهاتێکی تێروتەسەلی بۆ سەنجەقەکەی زانیووە( :(BOA) MHM. Defter No:1. Hüküm No:298, 58)، بەڵام لەفەرمانێکی تری دیوانی سوڵتانی عوسمانیدا کە بۆ (موراد بەگ)ی میری سەنجەقی شارەزووری ناردووە باسی بڕێك پارەی کردووە کە بەتەواوی دیارینەکراوە و داوای لەناوبراو کردووە، کە داهاتی لیوای مووسڵ کە سەر بە ئەیالەتی بەغدا بووە دوای لێکدەرکردنی داهات و خەرجی لیواکە ئەوەی لە داهاتەکەی مووسڵ ماوەتەوە گەیشتۆتە سەد هەزار ئاقچە، بۆیە داوا لەناوبراو کراوە، کە لەو شوێنانەی ئاماژەیان پێکراوە(کە زیاتر مەبەستی ناحیە و گوندەکانی شارەزوورە، چونکە لە بەڵگەنامەکەدا ناوی نەهێناون)، داهات کۆبکاتەوە و بینێرێت بۆ ئیستانبوڵ، موراد بەگیش داهاتی داواکراو و دەفتەری ویلایەتی شارەزوور بەمۆرەوە هاوپێچی نامەیەکی کردووە و بۆ حکومەتی عوسمانی لە ئیستانبوڵی ناردووە ( BOA: MHM. Defter No:1. Hüküm No:1118, 195). کە ئەمە سەرەتایەك بوو بۆ یەکخستنی هەموو ناوچەکانی شارەزوور بۆ ئەوەی لە دواڕۆژدا لە چوارچێوەی ئەیالەتی شارەزووردا ببنە یەکەیەکی کارگێری سەربەخۆ لە نێو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دا، کە گرنگی و ستراتیژیەتی ئەیالەتەکە خۆی لە پارێزگاریکردن سنوورەکانی خۆرهەڵاتی عوسمانی و بەرگرتن لە زیادبوونی نفوزی سەفەوییەکان لە سەر سنوورەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دا دەبینیەوە.

شایانی ئاماژەپێکردنە زۆر جار سنووری ئەیالەتی شارەزوور، بۆتە شوێنی داڵدەدانی کەسە یەکەمەکانی بنەماڵە حوکمڕانەکانی سەفەوی و عوسمانی، کاتێك (ئەڵقاس میرزا)ی برای (شا تەهماسبی سەفەوی) لە ساڵی 1548زدا لە دەسەڵاتی براکانی یاخیبوو پەنای بۆ ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی هێنا بوو و سەردەمانێك لە ناوچەی شارەزوور گیرساوەتەوە، بەڵام سوڵتان (سلێمانی قانوون)ی ڕەتی دەکاتەوە، کە سەربازی عوسمانی و میرەکانی بخاتە خزمەتی ئامانجەکانی (ئەڵقاس میرزا)وە، بۆیە سوڵتانی ناوبراو بڕیار دەدات کە کۆمەڵێك لە سەربازانی کورد لە ژێر فەرمانی (ئەڵقاس میرزا)دابن، لەبەرئەوەی عوسمانییەکان بەشەرمەندەیەکی گەورەیان زانیووە، کە سەرباز بۆ کەسێکی وەك (ئەڵقاس میرزا) کە لە دیدی ئەواندا کەسێتیەکی خراپی هەبووە دابین بکەن، لەکاتێکدا (ئەڵقاس میرزا) چەکی دژ بە براکانی هەڵگرتبوو و مەزهەبی خۆیشی بۆ سوننە گۆڕی بوو، بەڵام هەروەکو مێژوونووسانی وەك: (جەلال زادە نیشانجی) و (عالی ئەفەندی) باسییان کردووە(پچوی، 2015: 320-321)، هەر دوای ئەم ڕووداوانە سوڵتان (سلێمانی قانوون)ی فەرمانی بە (ئەیاس بەگ)ی میری میرانی دیاربەکر لە 3ی ئابی 1549زدا کردووە، کە دەربارەی هاتنی ئەڵقاسی برای سوڵتان تەهماسبی سەفەوی کە بە ئەڵقاسی بێ دین و باوەڕنەبوو ناوزەدی کردووە، کە زانیاری ورد لەسەر شوێنی مانەوەی کۆبکەنەوە و بەزووترین کات بۆ ناوبراوی بنێرن و نووسیویەتی: **ئێوە ئەزانن، کە لە ئێستادا ئەڵقاسی بێ دین و بێباوەڕ بۆ شارەزوور هەڵهاتووە و بۆئەوەی وەك بیانویەك بەدەستبخات و بەناو کوردستان ڕابکات و بۆ ناوچەی شنۆ بڕوات..باروذۆخی بێ دین و بێ باوەڕی ئاماژە پێکراو لە چ شوێنێك دایە ئەو هەواڵە بەڕاستگەڕاوە و بە زوویی بۆ منی دەنێرن** (BOA: İE_AS.01.025.01.01)، دوای ئەوەی کە سوڵتانی ناوبراو لە 1549زدا لە ڕێگەی وەزیری سێهەمەوە کە بۆ بەغدای ناردبوو بۆ بانگهێشتکردنی ئەڵقاس میرزا بۆ ئیستانبوڵ، بەڵام ئەڵقاس میرزا بەهۆی ترسان و دوودڵبوونی لە سوڵتان سلێمانی قانونی ڕەتی کردەوە و دایە پاڵ میرێکی کورد بەناوی (سوهراب-سورخاب بەگی ئەردەڵان) و سەربازگەیەکی لە (کسك جنار-چنارەی باساك) دروستکرد و تێیدا مایەوە، بۆیە (ئەڵقاس میرزا) لە ناو سنووری ئەیالەتی

شارەزووردا تووشی تەنگپێهەڵچنینێکی توندی دەسەڵاتی عوسمانیەکان بویەوە تا ئەو کاتەی نەخوشدەکەوێ و تووشی لەرز و تایەکی توند دەبێ و لەسەر پێخەفەکەی بەشەکەتی ڕادەکشێ، لەم سەروبەندی نەخۆشکەوتنی ناوبراودا (سورخاب بەگ)ی میری ئەردەڵان بەدەرفەتی دەزانێت و ناوبراو قۆڵبەستی دەکات تەسلیمی شا (تەهماسبی سەفەوی) دەکاتەوە و لەبەرانبەردا پارە و زێرێکی زۆری وەردەگرێت، چونکە شا تەهماسبی سەفەوی پێشتر بەڵێنی دابوو و نەیتوانی لەو بەڵێنەی پەشیمان بێتەوە..!(پچوی، 2015: 327).

لەکاتی گەرمبوونی ململانێی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی و کێشە نەبڕاوەکانی ناو بنەماڵەی بێگە بەگی ئەردەڵانی دەرهەق بە فەرمانڕەوایەتی شارەزووردا، کەسێك بەناوی (بابا جەوزی) لە دەردۆری کەرکوك دەردەکەوێت، کە لە 16ی ئابی 1552زدا، دیوانی سوڵتانی عوسمانی نامەیەك بە ڕازگرێکی نهێنی(***چاووش***)ی دیوانەکەی بەناوی (سلێمان) لە ئیستانبوڵ بۆ (فەروخ بەگ)ی میری سەنجەقی کەرکوکی سەر بە ویلایەتی بەغدای ناردووە، کە بەدواداچوون بۆ ئەو کەسە بکەن، کە دەیەوێت شەڕ و ئاژاوە لەناوچەی شارەزوور و کەرکوکدا بنێتەوە، بۆیە داوای دەستگیرکردنی تا سزادانی بەهەر ڕێگەچارەیەك بێت کردووە، هەروەها پێشنیازی کردووە کە هاوکاری و پەیوەندی بە (میر بەکر)ی میری سەنجەقی (دەرتەنگ) بکرێت و بۆ ئەوەی هەمان نامەی بۆ بنێردرێت و هەماهەنگی لەگەڵ میری سەنجەقی کەرکوکدا بکات بۆ ئەوەی لەم کەسە غافڵگیر نەبن (مهمە دفتری "طوب قابي سراى", رقم دفتر 888: 375أ)، ئەمەش بە ئامانجی بنەبڕکردنی لایەنگرانی ئیمپراتۆریەتی سەفەوی، کە مژوڵی کۆکردنەوەی خەڵك بوونە بۆئەوەی دەسەڵات و هەژموونیان لەناوچەی شارەزووردا ڕەگ دابکوتێەوە وەك سەردەمانێك کە دەسەڵاتی عوسمانی نەگەیشتبووە شارەزوور..!

هەر لەم چوارچێوەیەشدا؛ ئەو نامەیەی بە ڕازگرێکی نهێنی دیوانی عوسمانی لە ئیستانبوڵ دراوە بۆ ئەوەی بیگەیێنێتە بەغدا و ئینجا کەرکوك بۆ پارێزگاریکردن بووە لەو نامەیەی کە بەنهێنی بەدەستی میری سەنجەقی کەرکوك بگات، کە لەهەمانکاتیشدا (عەبدی شاهی) نوێنەری تایبەتی (موحەممەد بەگ)ی میری لیوای شارەزوور لە ئیستانبوڵ بووە و ڕۆژی 12ی ئابی 1552 واتە چوار ڕۆژ پێش ناردنی ئەو نامەیە بۆ میری سەنجەقی کەرکوك لە ئیستانبوڵ بووە(مهمە دفتری "طوب قابي سراى", رقم دفتر 888: 366أ)، کەواتە دەتوانین ئەو دەرئەنجامە بخەینە ڕوو، کە دوای بەڕێکەوتنی نوێنەرەکەی شارەزوور و نوێنەرەکەی ئیستانبوڵیش بۆ کەرکوك بەڕێکەوتووە، لەکۆتاییدا مەبەست هەر بەنهێنی هێشتنەوەی پرۆسەی پاککردنەوەی سەنجەقی کەرکوك و شارەزوور لە هەژموون و ئامادەیی کەسانی سەر بەدەسەڵاتی سەفەویدا بووە.

شایانی باسە؛ دوای هەر شەڕێکی نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی ڕێکەوتننامەیەکی نوێ ئەنجامدراوە، بە مۆرکردنی پەیماننامەی ئەماسیە لە 29ی ئایاری 1555ز لە نێوان ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیی و سەفەوییدا، کە سێ خاڵی سەرەکی لەخۆی گرتبوو، کە خاڵی دووەمی پەیماننامەکە تایبەت بوو بە دیاریکردنی سنووری ویلایەتی شارەزوور، کە سنوورێکی بەرفراوانی لەنێوان هەردوو ئیمپراتۆرییەتەکەدا هەبوو (عەبدوڵڵا، 2001: 34-35 و یوسف، 2005: 128)، بە مۆرکردنی ئەم پەیماننامەیە چارەنووسی شارەزوور لەمەیدانی شەڕ و ململانێ سەربازییەکان دەربازی سەر مێزی گفتوگۆ و دانوستاندنی نێوان دیپلۆماتە سەربازی و سیاسیەکانی عوسمانی و سەفەوی بەدرێژایی تەمەنی ئیمپراتۆریەتی سەفەوی، دواتر ئەفشاری، زەندی و قاجاری بوو، بەڵام شایانی ئاماژەپێکردنە کە یەکێك لە کاریگەرییەکانی ئەم پەیماننامەیە (ئەماسییە) وایکرد کە ئێران بەتەواوی دەستبەرداری بەشێکی کوردستان و عێراقی ئەوسا بۆ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بێت(خونجی، ب.س.چ: 149)، هەرچەندە ئەم دەستبەرداربوونە بەشێوەیەکی کاتی بووە، دواتر شەڕ و پێکدادانی گەورەتر لەنێوان هەردوو ئیمپراتۆرییەت ڕوویداوەتەوە و هەمدییسان پەیماننامە لەنێوان ئەم دوو ئیمپراتۆرییەتەدا مۆرکراوەتەوە، ئەم بارودۆخە تا رووخانیان هەر بەردەوامی هەبووە.

## 3.کاریگەری هەژموونی بەڕێوەبردن لە پەیوەندی ئەیالەتی شارەزوور و بەغدا دا

کاریگەرییەکانی هەژموونی ئەیالەتی بەغدا لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەیالەتی شارەزووردا لە ماوەی ساڵانی 1564-1779زدا ڕۆڵێکی گەورەی لە هاوسەنگ نەبوونی ئەم پەیوەندییەدا بینیووە، بەتایبەتی ئەم هەژموونکردنەی بەغدا لایەنەکانی سەربازی، دارایی، کارگێری و سیاسی گرتبۆوە، بۆیە ئەیالەتی شارەزوور لە چوارچێوەیەکی بە پاشکۆبوونی بەغدا دا خۆی بینیەوە، کە کاریگەرییەکی نەرێنیی لەسەر دوارۆژی ئەیالەتی شارەزوور بەجێهێشت.

### 3-1: لایەنی سەربازی:

پەیوەندییەکانی ئەیالەتی شارەزوور لەگەڵ ئەیالەتی بەغدا دا بەلایەنی سەربازی و رووبەڕوونەوەی مەترسییەکانی سەر ئاسایشی ناوخۆیی ئەیالەتی بەغدا و شارەزوور دەستپێکردووە، ئەمەش دوای هاتنەکایەی ئەیالەتی شارەزوور لە ساڵی 1564زدا، کە یاخیبوونێکی خێڵەکی لە ناوچەی بەسرای خوارووی عێراق دا سەرهەڵدەدات، کە لەلایەن ئیبنوعولیانی عەرەبی لەماوەی ساڵانی 1566-1567 کە لەسەردەمی سوڵتان (سەلیمی دووەم)ی عوسمانی بووە(1566-1574) سەرکردایەتی کراوە، بۆیە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی خەریکی کۆکردنەوەی هێز بووە بۆ دامرکاندنەوەی ئەم یاخیبوونە و (ئەسکەندەر پاشای چەرکەسی)، کە والی دیاربەکر بوو بە والی بەغدای دامەزراند، لەگەڵیشدا (موزەفەر پاشا)ی والی شارەزوور کە تازە دەستبەکارببوو لە ئەیالەتەکەدا بە هێزی سەربازی کوردی بابان، ناوچەکانی حەلەب و عەرەبەکان بەشداری ئەو هەڵمەتە سەربازییەی عوسمانیەکانیان بۆ سەر ناوچەی بەسرا لە 11ی تەمموزی 1567زدا کرد(خلیفة، 2017: 149-151 و العمري، 2013: 50)، هەروەها ئاماژە بە میری میرانی ئەرزەڕۆمیش(ئیسماعیل میرزا) دەکرێ، کە وەك سەرداری شەڕ(فەرماندەی گشتی) لەلایەن میری میرانی بەغدا بۆ شەڕی کوڕانی عولیان بە هاوکاری میری میرانی شارەزوور و بەسرا، کۆمەڵێك لە پیاوە شارەزا و چاکەکانی کورد دیاریکراوە و لەئەنجامدا یاخیبونەکانی ئیبنوعولیان (علیان أوغلو)یان دامرکاندۆتەوە و ملکەچیان کردووە و کۆمەڵێك لە گوند و ناوچەکانیشیان وێرانکردوون لەماوەی هەڵمەتە سەربازییەکەدا (پچوی، 2015: 507-508)، ئەمە یەکەمین بەشداریکردنی ئەیالەتی شارەزوور بوو لە شەڕ و یاخیبوونەکانی ناو ئەیالەتی بەغدا دا، هەروەها سەرەتای

پەیوەندیگرتنێكی سەربازی بوو، كە بۆ هەمیشە ئەیالەتی بەغدا فەرمانەكانی حكومەتی عوسمانی (الباب العالي) بەسەر دەسەڵاتدارەكانی شارەزووردا بسەپێنێت، كە زۆرینەی جار دەبوایە دانیشتوانەكەی باجی گیانی و ماددی بۆ بدەن، كە دەرئەنجامەكانیشی بۆ هەمیشە كارەساتبار بوونە، ئەمەش بەشێك بووە لەو سیاسەتی هەژموونكردنەی بەغدا بەسەر شارەزووردا، كە گوزارشت بووە لە سێ بەشی باشووری كوردستان لە چوارچێوەی كوردستانی سەردەمی عوسمانی دا.

لەم كاتەدا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ بەهێزكردنی بەرەكانی خۆرهەڵات لەبەرانبەر ئیمپراتۆرییەتی سەفەویدا لە ڕێگەی میری میرانی بەغدا كە فەرمانی پێكرابوو بەناردنی پانزە تۆپچی بۆ قەڵاكانی شارەزوور لە شاری ئامەد(دیاربەكر)، بەتایبەتی بۆ قەڵاكانی (تەپە-تبە) و (ئەنجیران-انجیران) لە سنووری ئەیالەتی شارەزووردا، چونكە ناردنی تۆپچی خواستی زۆری لەسەر هەبووە، بەڵام بەهۆی چاككردنەوەی تۆپخانەكانی ئامەد نەتوانراوە لەو ژمارەیە زیاتر بۆ شارەزوور بنێردرێت(BOA:MHM.Defter No:5, Hüküm No:1133, 426). بۆیە هەژموونی ئەیالەتی بەغدا بەسەر شارەزووردا لە بواری سەربازیدا لەهەموو هەژموونەكانی تر بەهێزتر و بەكاریگەرتر بووە، كە ئەمە بۆتە كارێكی بنەڕەتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی كە بەگ و میری سەنجەقەكانی ناوخۆی ئەیالەتی شارەزوور، كە هەر هەموویان كورد بوونە و لە ژێر هەژموون و بڕیاری بەغدادا بوونە، ئەمەش بە هەژموونكردن لەسەر ئەیالەتی شارەزوور و میری میرانەكەی (بگلر بگ) یان والییەكەی، كە بەتەواوی لە دەسەڵاتی سەربازی، سیاسی، دارایی دابماڵرێت و بەغدا ناوەندی بڕیاری سەربازی شارەزوور بێت..!

لەم چوارچێوەی ئەم پەرەسەندنەی پەیوەندییەكاندا، هەژموونی ئەیالەتی بەغدا لەڕووی سەربازییەوە بۆ ووردترین كاری ناوخۆیی لە ئەیالەتی شارەزووردا دەخالەتی كردووە، وەك زیادبوونی سەرباز لە قەڵاكانی شارەزوور و سەرژمێری كردنیان و ناردنی زانیاریی دەربارەیان بۆ ئیستانبۆڵ بەپێی فەرمانێكی دیوانی سوڵتانی لە 14ی تەمموزی 1568زدا، ئەمەش دوای ناردنی نامەیەكی (ئەسكەندەر پاشا)ی میری میرانی ئەیالەتی بەغدا بۆ ئیستانبۆڵ ئەم فەرمانە بۆ میری میرانی شارەزووریش نێردراوە(BOA:MHM.Defter No:7, Hüküm No: 1756, 629).

بۆیە لەبەهاری 1571زدا بابەتی مشتومڕی رووخاندنی كۆمەڵێك قەڵای سەربازی لە ئەیالەتی شارەزوور لەوانە: ڕووخاندنی قەڵاكانی وەك:(سیباه، زنجیره و ئینجاوەر)، لەنێوان كاربەدەستانی دیوانی سوڵتانی عوسمانی دێتە بەر باس و ناردنی نامە لەلایەن والییەكانی بەغدا، شارەزوو و دیوانی ناوبراو بۆ یەكتری، لە نیسانی 1571زدا دیوانی سوڵتانی عوسمانی نامەیەكی بۆ میری میرانی بەغدا ناردووە، كە ئەو سێ قەڵایەی ئاماژەیان پێكرا بڕوخێنرێن لەبەرئەوەی قەڵاكانی (سیباه و ئینجاوەر) ئاوەدانین و لەو قەڵایانەدا چوار تا پێنج كەس ئامادە دەبن، بەڵام لە تۆماردا دە تا پانزە كەسن، ئەوانی تر تەنها لە كاتی هاتنی موچە ئامادەییان دەردەكەوێت و ئامادەش نین شوێنەكانی خۆیان بەكەسانی تر بدەن، بۆیە مژووڵی كاری خۆیانن، چونكە میرانی ئەو قەڵایانە لە بەغدا لەگەڵ دانیشتوانی شارەزووریش شایەتیان داوە، كە ئەو قەڵایانەی لەناوچە چیاییەكانن سوودیان نییە، هەر بۆیە لەفەرمانەكەدا ئاماژە بە كاری داهاتووی كە سەربازەكانی ئەو قەڵایانەی دەروخێنرێن بگوزارێنەوە بۆ قەڵاكانی (تۆبراق و قزڵ خان)، پێویستە ئەو قەڵایانە ئاوەدان بكرێنەوە بۆ ئەوەی ڕێگەی گەشتیارەكان و هاتوچۆكاران لە دەشتەكییەكان ببپارێزن، بۆیە فەرمانكراوە كە میری میرانی بەغدا بۆ جێبەجێكردنی ئەم فەرمانە سوڵتانییە پەیوەندی لەگەڵ میری میرانی شارەزوور بگرێت(مهمه دفتری, رقم دفتر 14, رقم حكم 1379: 931).

لە چوارچێوەی ئەم پەیوەندییەدا؛ فەرمانی بەهێزكردنی لایەنی سەربازی(سیستەمی بەرگری) شارەزوور بەڕێگەی بەغداەوە بووە، كاتێك لە 27ی حوزەیرانی 1571زدا دیوانی سوڵتانی فەرمان بە میری میرانی بەغدا كردووە، كە چەكی تۆپهاوێژ لەگەڵ دە پاسەوان، دارتاش و ئاسنگەر بۆ شارەزوور بنێردرێت بۆ دارشتن و دروستكردنی تۆپەكان لەبەرئەوەی جێگەی بایەخێكی گەورەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بووە، لەهەمانكاتیشدا شایان بە فەرامۆشكردن نەبووە، هەروەها ئەم تۆپهاوێژییە سەربازییە بە ئاسانی كاری گواستنەوەی بۆ نەدەكرا، بۆیە بەشێوەیەكی توند لە شوێنێكی دیاریكراو قایمدەكران(مهمه دفتری, رقم دفتر 12, رقم حكم 682: 335), ئەمە دەرخەری ئەو قوڵاییە مێژووییە، كە بەغدا هەژموونی خۆی بەسەر ئەیالەتی شارەزووردا سەپاندووە. هەتا لە پڕكردنەوەی ئەو شوێنانەی كە بۆشاییان لە ڕووی پاسەوانكردنی قەڵاكانی شارەزووردا هەبووە, هەروەها فەرمان بە میری میرانی بەغدا كراوە، كە شوێنە چۆڵبووەكان بە هێزەكانی ئینكشاری و سەربازی پیادەی (عزبە) پڕبكاتەوە(مهمه دفتری, رقم دفتر 22, رقم حكم 476: 244).

شایانی باسە هەر لە تەمموزی 1571زدا لە فەرمانێكی تری دیوانی سوڵتانی عوسمانیدا، كە لە پێشەكیەكەیدا نامەیەكی میری میرانی شارەزووی بەبیرهێناوەتەوە، كە ئەو(میری میرانی شارەزوور) دژی ڕووخاندنی قەڵا ئاماژە پێكراوەكان بووە و بە قەڵای پێویستداری لەناوچە چیاییەكانی ئەیالەتەكەی زانیووە، بۆیە داوای ناردنی ڕاهێنەرانی بەكارهێنانی چەكی(تۆپهاوێژی) كردووە بۆ قەڵا ئاماژەپێكراوەكان، هەروەها ناردنی سەربازی پێویست و ئاوەدانكردنەوەی ئەو قەڵایانەی كە پێویستن لە كەرەستەی بەجێماوی ئەو قەڵایانە كە پێویستیان لەدەستداوە، هەر لەو فەرمانە سوڵتانییەدا بە میری میرانی شارەزوور ڕاگەێندراوە، كە پەیوەندی بە میری میرانی بەغدا (موراد بەگ)ەوە، بكات و لەهەمانكاتیشدا میری میرانی ئەیالەتی شارەزوور دەرخستەی پێوست لە ژمارەی پێوییستی كرێكار بۆ سەرلەنوێ دروستكردنەوەی قەڵاكان و ئەوقەڵایانە كە پێویست نینە، هەروەها كاربكرێت بۆ پاراستنیان و كاركردن بۆ ڕاهێنانی كۆمەڵێك سەرباز تێیدا(مهمه دفتری, رقم دفتر 14, رقم حكم 1476: 990).

شایانی باسە؛ ئەیالەتی بەغدا هەر تەنها هەژموونكردنی بەسەر ئەیالەتی شارەزووردا نەبووە، بەڵكو بۆ پارێزگاریكردن لە ئاسایشی دەرەكی ئەیالەتی بەغدا دا دەبوایە لە شارەزوور هێز كۆبكاتەوە و ئامادەكاری بۆ دوورخستنەوەی مەترسییەكانی سەر بەغدا بكات، وەك لە شوباتی 1736 كۆمەڵێك هۆزی عەرەبی بەدەوی و یاخیبوو هێرشیان كردۆتە سەر دەردۆری شاری بەغدا، بۆیە دیوانی سوڵتانی عوسمانی داوای لە ئەیالەتی شارەزوور، سەنجەق، هۆز و تیرە، و فەرماندەكانی پارێزگاری شارەكانی شارەزوور كردووە، كە هێز بۆ پاراستنی بەغدا بنێرن، هەروەها داوای لە (موحەممەد پاشا)ی والی بەغدا

کردووە، کە سەرباز لە کوردستانی شاخاوی بهێنێت..! ئەگەر داواکارییەکە جێبەجێ نەبوو، ئەوا کوردەکانی دەردۆری پێدەشتی شاخەکانی کوردستان بەتایبەتی لە ئامێدی، مووسڵ و شارەزوور سەرباز کۆبکاتەوە( BOA: MHM.Defter No:142, Hüküm No: 132, 134, 136, 138: 133-134).

**3-2:لایەنی دارایی:**

ڕەهەندێکی گرنگی پەیوەندییەکانی نێوان ئەیالەتی شارەزوور و بەغدا لایەنی دارایی بووە، بۆیە زۆرجار لەکاتی هەبوونی کێشە یان نائارامی بارودۆخی گشتی لە ئەیالەتەکانی عێراق لەسەردەمی عوسمانییدا، وەك: ئەیالەتەکانی بەسرا و شارەزوور، هەر بۆیە میری میرانی ئەیالەتی بەغدا لەلایەن ئیمپراتوریەتی عوسمانی لە ململانێ و کێشە جۆراوجۆرەکانی ئەیالەتە ئاماژەپێکراوەکان ئاگادارکراوەتەوە، ئەمەش بەمەبەستی دەخالەتکردن لەکاروباری ئەو ئەیالەتانەدا، وەك لە ئەیالەتی شارەزووردا کاتێك ئەمینداران، ئەرکدارانی ناوچە و سەنجەقەکانی ئەیالەتەکە بەشێوەیەکی ڕێکخراو داهاتەکانی ئیمپراتوریەتی عوسمانیان کۆنەکردۆتەوە و پیسخۆریان(گەندەڵی بەتێروانینی عوسمانی) لە کارەکانیاندا کردووە، ئەمەیش لە کاتی ناردنی بڕی داهاتی کۆکراوەی ئەیالەتەکەدا دەرکەوتووە، کە میرەکانی شارەزوور ئازایەتییان نەنواندووە کە حکومەتی عوسمانی (الباب العالي) لەو سەرپێچیکارانەی دارایی گشتیی ئاگادار بکاتەوە، کە تەنها میری سەنجەقی هەولێر (میر موحەممەد) نەبێت..! وادیارە لەو فەرمانەی بۆ والی بەغدا نێردراوە ناوی کەسێکی بردووە بەناوی (قەرەلوس) کە ناوزەدە بووە بە (بوداق) نزیکەی بڕی پێنج بار (یۆکات) (واتە: پێنجسەد هەزار ئاقچە) لە ئەستۆی دابووە، کە زەوییەکی لەلایەن میری میرانی شارەزوور بەشێوازی ئیلتیزام پێدراوە، بەڵام کاتێك داوای بڕی داهاتی داریکراوی لێکراوە ووتویەتی: لە داهاتی خەواصەکانی میری میرانی شارەزووردا وەربگرن..!(مهمە دفتری، رقم دفتر 26، رقم حکم209: 81).

هەر لەچوارچێوەی هەژموونکردنی ئەیالەتی بەغدا بەسەر ئەیالەتی شارەزووردا، دوای ئەوەی لە دیوانی سوڵتانی عوسمانی فەرمان بە میری میرانی بەغدا کراوە، کە میری سەنجەقی ئەلجەوازر (مامۆ بەگ) یارمەتی براکەی(ئیسماعیل) میری سەنجەقی هەولێر(ئەربیل)ی داوە، لەکۆکردنەوەی داهاتی میری لە هەرێمی باباندا، کە بەشێوەی ئیلتیزام پێیدراوە، بۆیە پێویست بەدانانی (مامۆ بەگ) لەگەڵ ناوبراودا دەکات، کە داهاتی بابان کۆبکەنەوە، چونکە داهاتی سەنجەقی بابان بۆ ساڵیانەکەی ناوبراو دانراوە و لە خەزێنەی بەغدا بڕیاری لەسەردراوە(مهمە دفتری، رقم دفتر 26, رقم حکم 287: 112).

هەر بۆیە والی بەغدا لە باڵکێشبوونی بەسەر ئەیالەتی شارەزووردا تەنها پشتی بەخۆی نەبەستووە، بەڵکو پشتی بە بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانی ئیستانبوڵیش بەستووە، چونکە لە ساڵی 1590زدا کاتێك ئیمپراتوریەتی عوسمانی ویستی باج و پیتاك لە کوردانی بابان وەربگرێت، داوایان لە (سلێمان بەگ)ی میری میرنشینی سۆران کردووە، کە کاریگەرییەکانی خۆی لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی والی بەغدا بەکاربهێنێت، هەرچەندە میرنشینی سۆران لە چوارچێوەی ئەیالەتی شارەزوور دابووە، ئەم داواکارییەش بۆ (سلێمان بەگ)ی میری میرنشینی سۆران دوای ئەوە هاتووە، کە لە ساڵی 1577 لەسەر داواکاری والی شارەزوور خەڵاتێکی گرانبەها و نووسراوێکی تایبەتی لەلایەن ئیمپراتوریەتی عوسمانی بۆ نێردراوە(هەروتی، 2017: 81).

لەم پەیوەندییەدا ئەیالەتی بەغدا سەرپشککراوە کە مووچەی سەربازانی شارەزوور دابین بکات، بۆیە لە 15ی شوباتی 1593زدا، مووچەی سوپای عوسمانی لە شارەزوور، بەتایبەتی بۆ نەهاوەند و عەشیرەتی تەکەلۆ(تکەلو ترکمان طائفەسی) لە خەزێنەی دیاربەکردا دابینکراوە، بەڵام دیوانی سوڵتانی عوسمانی فەرمانی بە والی دیاربەکر کردووە، کە موچەی ئەو سەربازانە بدات، ئەگەر ئەیالەتی بەغدا نەیتوانی لە خەزێنەکەی مووچەی ئەوانەی ئاماژەیان پێکراوە بدات، هەرچەندە داهاتی هەر یەك لە ئەیالەتەکانی بەغدا، مووسڵ و دیاربەکر لەسەر گومرگ و سککخانە(ضربخانە)ی دراو بووە.( BOA:MHM.Defter No: 78 .Hüküm (No:228: 87

هەژموونکردنی ئەیالەتی بەغدا بۆ سەر ئەیالەتی شارەزووردا هەر لە کاروباری ڕۆژانەی ئەیالەتەکەدا ڕەنگی نەداوەتەوە، بەڵکو لە میراتی بەجێماوی والییەکانی پێشووی ئەیالەتی شارەزووریشدا ڕەنگیداوەتەوە، وەك لە فەرمانێکی سوڵتانیدا بۆ (مەحموود پاشای وەزیر)ی بەغدا و قازی مووسڵ لە 13ی ئایاری 1609زدا، داوای لێکردوون، کە دەست بەسەر داهاتی زەوییەکانی والی پێشووی شارەزووردا (موراد بەگ) لە گوندی (ئۆجۆش-اوجوش)دا بگرن، بەتەواویی میراتە بەجێماوەکانی بنووسرێنەوە و بۆ ئیستانبوڵ بنێردرێن (BOA:MHM.Defter No:78.Hüküm No: 626 :1616)، لەم فەرمانەدا بڕی میراتی بەجێماوی والی پێشووی شارەزوور (موراد بەگ) بە دراوی عوسمانی نەخەمڵێندراوە، بەڵام بڕێکی زۆر بووە و بۆیە دیوانی سوڵتانی عوسمانی فەرمانی دەستبەسەرداگرتنی دەرکردووە.

شایانی باسە لە 4ی تەشرینی دووەمی 1609زدا فەرمانێکی تری سوڵتانی بۆ میری میرانی بەغدا (مەحموود پاشای وەزیر) نێردراوە، کە ئەستوپاکی سوڵتانی بۆ سەنجەقەکانی ئەیالەتی شارەزوور ئەنجامبدات، چونکە بەشێك لە سەنجەقی ئەیالەتەکانی وەك: بەسرا و ئەلئیحسا ئەستوپاکی سوڵتانیان نەبووە، کە هەندێك لە سەنجەقەکان نەچوونەتە ژێر باری خزمەتەکانی ئیمپراتورییەتی عوسمانی، بۆیە داوا کراوە کە میری سەنجەقەکان کە شوێنەکانیان پڕ دەکرێتەوە لە کەسانی سەربازی(فەرماندەکان) بن ( BOA:MHM.Defter No:71, Hüküm No:771: 412)، بۆیە زاڵکردنی هێزی سەربازی بەتایبەتی(فەرماندە)کان وەك فەرمانڕەوایی سیاسی، کارگێڕی و دادوەری یەکێك لە خەسڵەتەکانی بەڕێوەبردنی عوسمانی بووە بۆ ماوەی چوارسەد ساڵ لە کوردستان و سەرجەم ئەیالەتەکانی تری ئیمپراتورییەتەکەییدا، بەگشتی ئەو وردەکارییەی لە پەیوەندی نێوان ئەیالەتی شارەزوور و بەغدا لەسەدەکانی شانزەهەم تا چارەکی کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا هەبووە، بەهەژموونکردنی دەسەڵاتە بێ سنوورەکانی ئەیالەتی بەغدا بەسەر شارەزووردا کۆتاییهاتووە.

**3-3: ئاریشەی جڤاکی:**

پەیوەندی نێوان ئەیالەتی شارەزوور لەگەڵ ئەیالەتی بەغدا بۆ زۆر جار بەپێی سروشتی ڕووداوەکانی نێو دانیشتووانی ئەیالەتی شارەزوور هەڵبەز و دابەزیشی بەخۆیەوە بینیووە، هەروەك لە تەمموزی 1571زدا کێشەی ڕێگەپێدانی هۆزەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەیالەتی شارەزوور لەگەڵ ئەیالەتی بەغدا

سەریهەڵداوە، ئەمەش بەهۆی دروستبوونی لافاو لە زستانی 1571زدا کە ڕووباری دوجەیل ڕێڕەوەکەی دەگۆڕێ، بۆیە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەیەوێت ئاڵوگۆڕ بە ڕێڕەوی ڕووبارەکە بکات، بەڵام لەم سەروبەندەدا داوای لە عەشیرەتی (جەماسات) کردووە، لەبەرئەوەی نیشتەجێی ئەیالەتی بەغدا بوونە و کاری شوانکارەیان لە ئەیالەتی شارەزووردا کردووە، بەڵام میری میرانی شارەزوور ڕێگەی نەداوە بەشداری ئەو کارە گشتییە بکەن، هەتا کەسێکی سەڵتیش نێردراوەتە لای عەشیرەتی ناوبراو و داری لێ کڕیون بۆ باروتخانەکەی بەغدا، بەڵام ڕێگەی پێنەدراوە دارەکان بەکەڵەك و هەتا بەکرێش بۆ بەغدا بگوێزێتەوە، بەڵکو ڕووبەڕووی لێدانیش بۆتەوە، هەتا ئەو هۆزانەی لەسەر ڕووباری زێیەکە کاریانکردووە ئەو کارەیان لێ قەدەغەکراوە، بۆیە وامەزندە کراوە کە باروتخانەی بەغدا لەکاربکەوێت، هەروەها میری میرانی بەغدا ئاگادارکراوەتەوە کە ئەو کەسانەی دار بۆ باروتخانەکە دەهێنن دەبێت کرێیان پێبدرێت و نابێت بە زۆرداری و بێ بەرانبەر ئەم کارە بە هاووڵاتیان بکرێت، بەڵکو دەبێت مافیان پارێزراو بێت و زوڵم و پێشێلکاریان لەبەرانبەردا نەکرێت، میری میرانی شارەزووریش (ئەحمەد بەگ) ئاگادارکراوەتەوە کە ڕێگری لەو کارەدا(بردنی دار بۆ باروتخانەی بەغدا) نەکات(مهمە دفتری، رقم دفتر 14, رقم حکم 188: 132-133).

لەنێو بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا هەژموونی ئەیالەتی بەغدا بۆ لابردنی زوڵم و ستەم لەسەر خەڵکی ئەیالەتی شارەزوور بەکارهێنراوە..! وەك لە فەرمانێکی دیوانی سوڵتانی لە کۆتایی حوزەیرانی 1692زدا بۆ (ئەحمەد پاشا)ی وەزیر و پارێزگاری ئەیالەتی بەغدا نێردراوە، کە داوای لێکراوە ئەو ستەمەی لەسەر دانیشتووانی (زەڵم) لەلایەن یاخیبووانی کورد ئەنجامدراوە نەهێڵدرێت، ئەمەش دوای ئەوەی کە خەڵکی زەڵم سکاڵایان بردۆتە لای (سوڵتان ئەحمەدی دووەم1691-1695)، بۆیە سوڵتان داوای لە والی بەغدا کردووە، کە یارمەتی میری میرانی شارەزوور (سیاوەش پاشا) بدات، هەروەها وێنەیەك لەو فەرمانە بۆ هەریەك لە میری میرانی مووسڵ، فەرمانڕەوایی جەزیرە و ئامێدییش نێردراوە، کە هێز کۆبکەنەوە بۆ لەناوبردنی ئەو یاخیبوونەی شارەزوور، کە ئەو زوڵم و ستەمەی لە خەڵکیان کردووە کۆتایی پێبهێندرێت( BOA:MHM.Defter No:104. Hüküm No: 218-221: 53).

بەڵام لەم سەروبەندەدا خەڵکی کەرکوك گلەیی و سکاڵای خۆیان دەگەیێننە ئیستانبۆڵ لە دژی (سلێمان پاشا)ی بابان و دەستوپێوەندەکەی و کەسوکاری کە زوڵمی لێکردوون، بۆیە دیوانی سوڵتانی عوسمانی لە تەمموزی 1692زدا، فەرمانی بە والی بەغدا کردووە، کە زوڵم و ستەم و یاخیبوونی کوردەکان(بابانەکان) بۆ سەر کەرکوك و خەڵکەکەی کە خزم و کەسوکارەکەی(سلێمان پاشای بابان) ئەنجامیانداوە نەهێڵێت، بەتایبەتی لە تاڵانکردنی ناوەندی ئەیالەتی شارەزوور(کەرکوك)، گوندەکانی و هەتا گوندنیشنەکانی وڵاتی عەجەمیش(ئێران)..! ( BOA:MHM. Defter No: 104. Hüküm No: 235: 57)، لەهەمانکاتیشدا هەریەك لە والییەکانی مووسڵ و شارەزوور و فەرمانڕەواکانی ئامێدی و جەزیرە لەو کارانەی (سلێمان پاشا)ی بابان ئاگادارکراونەتەوە، کە هێز بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بەسەرکردایەتی والی بەغدا (ئەحمەد پاشا) بنێرن( BOA:MHM.Defter No:104. Hüküm No: 236-239:57)، هەروەك ئەوە بیرهێنراوەتەوە، کە لەناوچەکانی شارەزووردا یاخیبووە کوردەکان خەڵکێکی بێتاوانیان کوشتووە، ماڵی خەڵکیان تاڵانکردووە، چەندەها زوڵم و ستەمیان لە خەڵکی شارەزوور کردووە، کە پێویستە بەرزەفتبکرێن..( BOA:MHM.Defter No:104. Hüküm No: 234: 57)، کەواتە هەژموونکردنی ئەیالەتی بەغدا لە پەیوەندی بە ئەیالەتی شارەزووردا ڕۆڵێکی سەرەکیشی پێدراوە لە یەکلایکردنەوەی ئاڕێشە جۆاکیەکانی نێو کۆمەڵی شارەزوور و ململانێی گرووپە خێڵەکی-دەسەڵاتدارەکانی سەرانسەری ئەیالەتی شارەزوور لە کەرکوك تا زەڵم.

### 3-4: لایەنی کارگێڕی:

هەژمونی والییەکانی بەغدا لە پەیوەندی لەگەڵ ئەیالەتی شارەزووردا تەنها لە ڕووی دارایی، سەربازی و جڤاکییەوە نەبووە، بەڵکو لە ڕووی کارگێڕییەوە زۆرێك لە والییەکانی شارەزوور لەلایەن والیەکانی بەغدا کە پلەی وەزیریان هەبووە دەستنیشانکراون، هەتا کار گەیشتۆتە ئەوەی کە کوڕ و زاواکانی خۆیان وەك والی ئەیالەتی شارەزوور دابمەزرێنن، وەك (حەسەن پاشا)ی والی بەغدا زاواکەی خۆی (موحەممەد پاشا)ی بە والی ئەیالەتی شارەزوور دامەزراند، هەروەها (سلێمان پاشای گەورە) کە والی ئەیالەتەکانی بەغدا، بەسرا و شارەزوور بوو و مووسڵیشی خستبووە ژێر حکومڕانی خۆی، کە دەسەڵاتەکەی تا سنوورەکانی ئەیالەتی دیاربەکر درێژدەبویەوە و هەتا ئەیالەتی مێردینی خستبووە ژێر دەسەڵاتی خۆی..!(فائق بك، 2010: 19-20)، لە نێو بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا ئەم دەخالەتکردنە کارگێرییەی ئەیالەتی بەغدا بەڕوونی تۆمارکراوە، بۆ نموونە: بەپێی فەرمانێکی دیوانی سەرۆك وەزیرانی عوسمانی لە دەفتەری بابی ئاصەفی بە ژمارە(1355) کە مێژووەکەی بۆ 3ی ئاداری 1717زدا دەگەڕێتەوە، ئاماژەی بە دانانی (عەبدولرەحمان ئاغا) بە میری میرانی ئەیالەتی شارەزوور کردووە، کە کەتخودای (حەسەن پاشا)ی میری میرانی ئەیالەتی بەغدا بووە، هەروەها ئاماژە بە دانانی موتەصەریفیەتی کۆیە لە 1ی تەمموزی 1717ز دەکات کە میر شێخە بەگی میری پێشووی میری میرانی ئەیالەتی مەرعەش بووە.( BOA:BAB-İ ASAF Defternane-i Amire Defterleri(A.NŞT.D): Defter No: 1355: 19)

ئەم دۆخی هەژموونکردنی ئەیالەتی بەغدا بەسەر ئەیالەتی شارەزووردا بەردەوامی هەبووە، بۆ نموونە لە گواستنەوە و بەخشینی میری میرانی شارەزوور، کە دوای ڕۆیشتنیان لە شارەزوور خراونەتە خزمەتی میری میرانی بەغدا، وەك: (سلێمان پاشا) دوای بەخشینی لە پۆستی میری میرانی شارەزوور، ئاگادار کراوەتەوە کە بەبێ دواکەوتن پەیوەندی بە (یوسف پاشا)ی میری میرانی ئەیالەتی بەغدا کە پلەی وەزیر هەبووە بکات، هەرچەندە ئەم فەرمانە لە 7ی ئایاری 1703ز دابووە، بەڵام بەپێی ئەو فەرمانەی دیوانی سوڵتانی لە پێشووتردا (سلێمان پاشا) میری میرانی ئەیالەتی سێواس بووە، وابڕیار بووە بنێردرێتە بەغدا، بەڵام پێوستی کردووە کە لە پێشتردا بچێتە شارەزوور و دوای دوورخستنەوەی لە ئەیالەتی شارەزوور فەرمانی پێکراوە بچێتە پاڵ (یوسف پاشای وەزیر) لە بەغدا، بەڵام ئەوەی بیرهێنراوەتەوە کە ئارامی و ئاسایشی شارەزوور دابین بکات، ئینجا بەرەو بەغدا

بەڕێکەوێت(BOA:MHM.Defter No:114, Hüküm No:541: 120). ئەو هەژموونکردنە بەتەواوی لە 16ی ئایاری 1703زدا دەردەکەوێت، کاتێك میری میرانی پێشووی شارەزوور (حەسەن پاشا) بەرەو گوندی ئامێدی ڕۆیشتبوو و لەدەسەڵاتی ناوەندی عوسمانی ڕایکردبوو، لەوێ چاوەڕوانی ئەوە دەکات کە بەهێزەوە بگەڕێتەوە بەغدا، هەروەها فەرمانڕەوایی ئامێدی (عمادیە حاکمنە) چاودێری بارودۆخەکەی کردبوو، بەڵام ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی فەرمان بە (حەسەن پاشای وەزیری) والی دیاربەکر کردبوو، کە هەواڵ بە میری ئامێدی بدات کە ناوبراوی ڕادەست بکەن و لە قەڵای دیاربەکر زیندانی بکەن(BOA:MHM.Defter No:114, Hüküm No:591: 144). بەڵام لە بەڵگەنامەکەدا و لەسەرچاوەکانی تردا هۆکاری ئەم ڕاکردنە و کۆکردنەوەی هێز لەلایەن والییەکی شارەزوور لەسەرەتای سەدەی هەژدەهەمدا بەتەواوی ڕوووننەکراوەتەوە، کە مەبەستی چ بووە کە بەهێز بگەڕێتەوە بەغدا و لەبەرچی بەغدای بەجێهێشتووە..؟!

هەر بۆیە لایەنی کارگێری لە ئەیالەتی شارەزوور و بەغدا بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کوشندە، لەوانە: پەتای ڕشانەوە و چاوەقولکێ (تاعون) زیانێکی زۆری بەلایەنی سەرچاوەی مرۆیی لەبەڕێوەبردنی ئەم دوو ئەیالەتەدا داوە، وەك مێژوونووسێك ئاماژەی پێکردووە، کە دوای بڵاوبوونەوەی تاعونەکەی ساڵی1772زدا خەڵکێکی زۆر لەسەرانسەری عێراق و کوردستاندا مردوون، کە تێیدا خەڵکێکی خاوەن ڕا و تەدبیرکاری لێهاتبوونە لە کورد و عەرەب، کە خاوەنی زانست و زانایی لە ئیدارەدانی دەوڵەت لە حوکمڕانی و سەرپەرشتیکردنی کاروبارەکانی ناوخۆ و دەرەوەدا بوونە، بۆیە ڕێگە بۆ کۆمەڵێك لە عەرەب و کوردی بێ ئەزموون و زانیاری خۆشبووە، کە تەنها کاری گەرەلاوژەیانکردووە زیاتر نا(فائق بك، 2010: 19-20)، ئەمەش دەلیڤەیەك بووە بۆ هاتنە پێشەوەی کەسانی ناشایستە لە بەڕێوەبردنی ئەیالەتەکاندا، بەتایبەتی لە ڕێکخستنی پەیوەندی نێوانیاندا، کە کار گەیشتوتە ڕادەیەك، والی شارەزوور لەدوای ناوەکەی خۆی بە نووسین ئاماژە بە ملکەچی و پەیوەستبوونی بە والی بەغدا بنووسێت، وەك: لە دەفتەرێکی ژمێریاری ئەیالەتی بەغدا دا بەناونیشانی دەفتەری بەغدای سەرۆکی ژمێریاران(Bağdad Defteri Baş Muhasebe)، بە ژمارە(41425)کە مێژووەکەی بۆ 8ی تەمموزی 1777-22ی نیسانی 1778زدا دەگەڕێتەوە، کە تێیدا والی شارەزوور (حەسەن پاشا) لە 27ی کانوونی یەکەمی 1777 نووسیوویەتی: **من والی شارەزوور پەیوەستکراو بە سلێمان پاشای والی بەغدا، کە داوای خەرجکردنی بیست هەزار قرۆش بۆ سەربازەکانم دەکەم، کە بۆماوەی پێنج ساڵە واتە لە [1773-1778] و بەپێی چوار فەرمانی پیرۆزی(سوڵتان) هێشتا بۆیان خەرجنەکراوە.** بەڵام لە 8ی کانوونی دووەمی 1778 وەڵامی والی شارەزوور دراوەتەوە، کە فەرمان بە میری سەنجەقی مەلاتیە کراوە، کە بڕی بیست هەزار قرۆش ڕاستەوخۆ بۆ مووچەی سەربازانی ئینکشاری لە شارەزوور بنێرێت، ئەمەش دوای ئەوەی کە هەریەك لە والی دیاربەکر و موتەصەریفی سەنجەق بەگی مەلاتییە ئاگادارکراونەتەوە، هەروەها پێشتریش پێشنیازی ئەوە کراوە کە لە سککەخانەی دیاربەکر مووچەکەیان بۆ خەرجبکرێت

BOA: Bağdad Defteri Baş Muhasebe(D-BŞM), Defter No: 41425: 12).

لەم بەڵگەنامەیەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد دوو هەقیقەتی زۆر ڕوون لە سەر هەژموونی ئەیالەتی بەغدا بەسەر دوای ڕۆژەکانی ئەیالەتی شارەزووردا بەدیار دەدەکەوێت، یەکەم: هەقیقەتی سیاسی و بەڕێوەبردنی شارەزوور وای لە والیەکەی کردووە کە بڵێت: منی پەیوەست (پاشکۆ) بە سلێمان پاشا(والی بەغدا)، کە لە نامە نووسین و دەربڕینی سیاسی و کارگێریشدا سەربەخۆیی تەواوی نەبووە..!، دووەم: لەسەربەخۆنەبوونی بەڕێوەبردن و سیاسیشدا، والی شارەزوور دەسەڵاتی دارایی نەبووە، هەتا بۆ خەرجکردنی بڕی بیست هەزار قرۆش بۆ سەربازانی ئەیالەتەکەی کە لە سوپای ئینکشاری بوونە، ئەم ڕووداوەش ساڵێك بەر لە لکاندنی ئەیالەتی شارەزوور بە ئەیالەتی بەغداوە لە چارەکی کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا بووە. ئەمە دەرخەری ئەو هەقیقەتە مێژووییە کە بەغدا وەك ناوەندی پایتەختی عەباسییەکان تا هاتنی عوسمانییەکان و دامەزراندنی ئەیالەتەکانی بەغدا، شارەزوور، مووسڵ، بەسرا، لەنێو ئەم هەموو شەڕ و ئاژاوەی نێوخۆیشدا بەغدا هەمیشە ویستوویەتی هەژموونی سەربازی، کارگێری، سیاسی و ئابووری بەسەر ئەیالەتەکانی ئەوکاتدا بسەپێنێت، لەوانەش ئەیالەتی شارەزووردا، کە سەرئەنجامی هەڵوەشانەوەکەیشی لەبەر ئەو هەژموونە قووڵ و زاڵەی بەغدا بەسەر ناوەندی بڕیاری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ئیستانبوڵدا بووە، هەروەها هەژمونە قووڵەکەی بەسەر ئەیالەتی شارەزوور لە دامەزراندنییەوە تا لکاندنی بە ئەیالەتی بەغدا دا لە ساڵی 1779زدا بەردەوامی هەبووە، ئەمە نەخشە ڕێگای کۆتایی پەیوەندییەکانی ئەیالەتی شارەزوو بە ئەیالەتی بەغدا لە ماوەی 1564-1779زدا دیاریکرد.

## 4.پەیوەندی ئەیالەتی شارەزوور لە ڕووداوە ناوخۆییەکانی ئەیالەتی بەسرادا:

دەرکەوتنی پەیوەندییەکانی ئەیالەتی شارەزوور لەگەڵ ئەیالەتی بەسرا لە نیوەی دووەمی سەدەی شانزەهەمدا، زیاتر لە چوارچێوەی کاری سەربازی و کارگێری ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بووە، لەمیانەی هەڵدانەوەی بەڵگەنامەکانی عوسمانی لە نێویاندا تۆماری کارە گرنگەکان(مهمە دفتری_Mühimme Defteri)دا، بەتەواویی ڕووندەبێتەوە کە ئەیالەتی شارەزوور وەك ئەیالەتێك هاریکاری سەربازی لەگەڵ ئەیالەتی بەغدا و بەسرادا هەبووە، وەك لە دامرکاندنەوەی جوڵانەوەی خێڵەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقی ئەوسادا دژ بەئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، بەتایبەتی لە لیوای ئیبنو عولیان لە ئەیالەتی بەسرادا بەرپابوو.

### 4-1:ڕۆڵی شارەزوور لە دامرکاندنەوەی یاخیبوونەکانی ئیبنو عولیاندا:

بەهێزبوونی پەیوەندی ئەیالەتی شارەزوور لەگەڵ ئەیالەتی بەسرادا لە ژێر کاریگەری پەرەسەندنی ڕووداوە ناوخۆییەکانی ئەیالەتی ناوبراو دابووە، بەتایبەتی لە یاخیبوونی عەشیرەتەکان، کە لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا بە دەشتەکیی (اعراب) و یاخیبووەکانی بەسرا ناوزەدیان کردوون و بەسەرکردایەتی کوڕی عولیان(ابن عليان) بووە، بەڵام ڕۆڵ و پێگەی شارەزوور لە ڕووداوە نێوخۆییەکانی ئەیالەتەکەدا بۆ هەبوونی کۆگایەکی نەبڕاوەی خواردن لە بەرهەمەکانی دەشتی

شارەزوور، هەریر، هەولێر، کەرکوك و ناوچەکانی گەرمێن و کوێستانەکانی بۆ ئەیالەتەکانی بەغدا و بەسرا سەرچاوەی گرتووە، بۆیە سەرباری بەشداریکردنی هێزە سەربازییەکانی ئەیالەتی شارەزوور و بەگەکەکانی دەبوایە بە خواردنیش بەشدارییەکی کارای سەرکوتکردنی یاخیبوونە ناوخۆییەکانی ئەیالەتی بەسرادا بکەن.

دوای سەرهەڵدانی یاخیبوونەکەی ئیبنوعولیان لە ئەیالەتی بەسرادا والی بەسرا داوای لە دیوانی سوڵتانی عوسمانی کردووە، کە یارمەتی لە بەرپەرچدانەوەی یاخیبوونەکانی لیوای ئیبنوعولیان بدرێت، دیوانی ناوبراویش داوای لە هەریەك لە ئەیالەتەکانی بەغدا، شارەزوور و دیاربەکر کردووە، کە بەهانای داواکارییەکانی ئەیالەتی بەسرا دابچن و سەربازی بۆ بنێرن و بەپێی فەرمانێکی دیوانی سوڵتانی کە لە 19ی ئایاری 1565زدا دەرچووە، کە تێیدا داوا لە میری میرانی شارەزوور کردووە کە پێنج لە میرانی میری میرانیەتەکەی(ئەیالەتەکەی) بۆ شەڕی بەسرا بەسەربازەوە ئامادە بکات(مهمە دفتری، رقم دفتر 6, رقم حکم 1176: 543)، ئەمەش دوای ئەوەی کە خێڵەکانی بەسرای ئیبنوعولیان لەگەڵ فەرەنکییەکان واتە ئەوروپاییەکان ڕێککەوتبوون، ئەمەش بەپێی زانیاری نێو بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا، بۆیە هێزی سەربازی لە بەغدا زۆر کەمببویەوە و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی فەرمانی بە میری میرانی شارەزوور کردبوو، کە بە زووترین کات لەگەڵ پێنج لە میرانی سەنجەقەکانی و سەربازەکانیان بگەنە شاری بەسرا، شایانی باسە ناوی میری ئەو سەنجەقانە لە فەرمانەکەدا نەهێنراوە کە لەگەڵ والی شارەزوور لە شارەزوور و کوردستانەوە بۆ یارمەتی بەسرا بەڕێکەوتبوون، بەڵام لە سەروبەندی هاوکارییەکانی شارەزوور بۆ بەسرا (سوڵتان حوسێن)ی میری ئامێدی وەك دەسەڵاتدارێکی ناوچەیی بۆ پارێزگاریکردن لە ئەیالەتی شارەزوور دامەزرێندراوە، بەڵام ناوی ناهێنێت وەك والی یان حاکم بەڵکو دەنووسێت(شهرزول محافظ) ( مهمە دفتری، رقم دفتر 6, رقم حکم 1269: 578). ئەمەش لەکاتی نەبوون و ئامادەنەبوونی والیدا یان تا والی نوێ دادەنرێت(پارێزگار-محافظ) لە شوێنی دەستبەکاردەبێت، بۆیە لە 15ی ئابی 1565زدا بەپێی فەرمانێکی دیوانی سوڵتانی سەرکەوتنی پرۆسە سەربازییەکەی بەسرا ڕاگەێندراوە، کە سەربازانی ئەیالەتەکانی بەغدا، شارەزوور، مووسڵ، دیاربەکر و بەسرا بەسەر یاخیبونەکەی یەکەمی ئیبنوعولیاندا سەرکەوتوو بوونە، هەروەها فەرمان لەلایەن دیوانی سوڵتانی عوسمانیەوە دەرچووێندراوە، کە هەڵمەتە سەربازییەکە هیچ پێویست بەبەردەوامبوونی ناکات(مهمە دفتری، رقم دفتر 5, رقم حکم 122: 53).

سەرهەڵدانی یاخیبوونی دەشتەکییەکانی بەسرا بەتایبەتی دوای وەرزی بەهاری 1565زدا، هێزێکی پێکهاتوو لە ئەیالەتەکانی شارەزوور، بەسرا، بەغدا و دیاربەکر بەشداری تێیدا کردبوو لە 17ی ئابی 1565زدا دیوانی سوڵتانی عوسمانی لە فەرمانێکیدا فەرمان بە کشانەوەی هێز و میری سەنجەقەکانی شارەزوور لە بەسرادا کردووە، کە بۆ شوێنی کارکردنی خۆیان(شارەزوور) پاشەکشەی لێبکەن، بەتایبەتی گەڕانەوەی میری میرانی شارەزوور بۆ سەر کارەکەی( BOA:MHM.Defter No:5.Hüküm No:118: 51). وا دیارە کارەکە هەر بەناردنی سەرباز و خواردن لەسەر شارەزوور نەوەستاوە، بەڵکو لە فەرمانێکدا بۆ میری میرانی بەغدا نووسراوە، کە دەبێت شارەزوور کەرەستەی پێویست بۆ تۆپخانە و قەڵاکانی بەسرا دابین بکات، ئەمەش لەسەر بنەمای نامەیەکی میری میرانی بەسرا کە بۆ ئیستانبوڵی ناردبوو( BOA:MHM.Defter No:5, Hüküm No:834: 320)، بەدوای ئەمەشدا فەرماندەی سوپای ئینکشاری(یکنچری اغالری) لە شارەزوور (غازی خان) لەسەر فەرمانی دیوانی سوڵتانی عوسمانی لە 9ی شوباتی 1566زدا بۆ پارێزگاریکردن لە ئەیالەتی بەسرا دەنێردرێت( BOA:MHM.Defter No:5, Hüküm No:930: 352)، بەڵام وا دیارە لە 19ی شوباتی 1566زدا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی یەك فەرمانی گشتی بۆ میری میرانی بەغدا، شارەزوور، دیاربەکر، حەلەب و بەسرا دا ناردووە، کە تێیدا ڕوونی دەکاتەوە مەرج نییە لە وەرزی بەهاری 1566 هێرشی سەربازی بۆ سەر دەشتەکییە یاخیبووەکانی بەسرا ئەنجامبدرێت، بەهۆی ئەوەی سوپای عوسمانی نەیتوانیووە لە بۆسنە ئامادەکارییەکانی تەواو بکات و بگاتە بەرەکانی شەڕ لە ئەیالەتی بەسرادا، هەروەها داوای لە میری میرانی شارەزوور کردووە، کە لە ئەگەری هێرشی دووبارەی دەشتەکیە یاخیبووەکانی بەسرادا سەربازی سوارە، پیادە، خاوەن تیمار، کەسایەتییەکان لە تەواوی کوردستان و دەرەوەیدا سەرباز بۆ شەڕی بەسرا کۆبکەنەوە و ئامادەیان بکەن، ئەمەش دوای دڵنیابوونەوەی لە پارێزراوی قەڵاکانی شارەزووردا( BOA:MHM.Defter No:5, Hüküm No:1024-1028: 386-387). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە 22ی حوزەیرانی 1566زدا، فەرمان بە والی شارەزوور و میر و بەگی سەنجەقەکانی کراوە، کە یارمەتی ئەیالەتی بەسرا لەڕووی دابینکردنی سەرباز، دارایی و دانەوێڵەوە بدەن ( BOA:MHM.Defter No:5, Hüküm No:1964: 695)، دوای بەڕێکردنی سەرباز لە ئەیالەتی شارەزوور بەسەرکردایەتی والییەکەی بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئیبنولعولیان لە ئەیالەتی بەسرا و دەردۆریدا (سوڵتان حوسێن)ی میری میرنشینی بەهدینان ڕاسپێردراوە، کە ببێتە پارێزگاری شارەزوور(شهرزول محافظ) لە 22ی حوزەیرانی 1566زدا( BOA:MHM.Defter No:5, Hüküm No:1967: 697)، بەپێی ئەم بەڵگەنامەیەش بێت دەردەکەوێت، کە (سوڵتان حوسێن)ی ئامێدی بە پارێزگاری ئەیالەتی شارەزوور دیاریکراوە، نەوەك بە میری میرانی شارەزوور، چونکە بەدەق هاتووە پارێزگاریکردن لە شارەزوور یان پارێزگاری شارەزوور(شهرزول محافظ)، کە ئەمە وەك ئەرکێکی سەربازی بەشێوەیەکی کاتی بەناوبراو سپێردرابووە، چونکە میری میرانی شارەزوور(شهرزول بگلربگ) لەگەڵ سەربازەکانییدا بەرەو بەسرا بۆ دامرکاندنەوەی یاخیبوونەکەی ئیبنولعولیان بەڕێکەوتبوون.

شایانی باسە؛ لە دەستنووسی (عنوان الاعيان في ذكر تواريخ ملوك الزمان) لە نووسینی (یاسینی کوڕی خەیروڵڵای ئەلعومەری) کە لە ساڵی 1203ی کۆچی-1788ی کۆچی نووسیویەتی، لە باسی یاخیبوونی ئیبنولعولیان لە ئەیالەتی بەسرادا ئاماژە بە بەشداری والی ئەیالەتی شارەزوور و کوردستان دەکات، کە لە 1566زدا بەسەرکردایەتی والی بەغدا ئەسکەندەر پاشا بووە و توانیوویانە هێزی یاخبوونەکەی ئیبنولعولیان هەر لە بەسرا لەناوببەن(العمري، 1203هـ-1787م: 289 ب)، هەر لەو سەروبەندەدا فەرمان بە میری

میرانی هەریەك لە بەغدا و دیاربەكریش كراوە كە سەرباز بۆ ئەیالەتی بەسرا بۆ تێكشكاندنی گەمارۆی هۆزە عەرەبە یاخیبووەكان بنێرن و بەتایبەتی دوای هەوڵدانیان بۆ گەمارۆدانی بەغدا، كە فەرمان بە ئەیالەتی شارەزوور كراوە بەسەرباز و خواردن(ئازوقە) لە خزمەتی هەڵمەتە سەربازییەكە دابێت( BOA:MHM.Defter No:5, Hüküm No:1967, 697)، ئەمەش لە چەندین پرۆسەی سەربازی عوسمانیدا بۆ سەر ئێران و ئەیالەتەكانی ناوخۆیدا پشتیان بە سەرباز و خواردەمەنی و خۆراكی شارەزوور بەستووە، كە پاڵپشت بەو بەڵگە مێژووییانەی خرانەڕوو، ئەیالەتی شارەزوور و دەشتە كشتوكاڵییەكانی سەبەتەی خۆراكی كوردستان و عێراق بوونە هەر لە كۆنەوە تا ئەمرۆ...!

بەڵام دوای ئەم ڕووداوانەی ئەیالەتی بەسرا، ئیمپراتوریەتی عوسمانی نۆژەنكردنەوە و بەهێزكردنی قەڵاكانی ئەیالەتی ناوبراوی پشتگوێ نەخستووە، بەڵكو داوای لە ئەیالەتێكی وەك شارەزوور كردووە، كە یارمەتی بەسرا بدەن لە دابینكردن و پێشكەشكردنی كەرەستەكانی وەك: داری هەوریس-هەڤریسك (شجر العرعر) بۆ داڕشتنی قاڵبەكانی تۆپ و تۆپخانەی شاری بەسرادا، لەدوو فەرمانی دیوانی سوڵتانی بۆ هەریەك لە میری میرانی بەسرا و شارەزوور لە 15ی كانوونی دووەمی 1566زدا، داوا لە میری میرانی شارەزوور كراوە، كە دووسەد بارە داری هەڤریسك لە لیوای هەریر، كە سەنجەقێكی ئەیالەتی شارەزوور بووە بە ڕێگەی كەلەك واتە لەڕێی ڕووباری دیجلە و فورات لە بەغداوە بۆ بەسرا بنێرێت، هەروەها كۆمەڵێك لەسەربازی ئینكیشاری بەشێوەی نۆبەت لە ئەیالەتی بەسرادا بمێننەوە( مهمه دفتری، رقم دفتر 5, رقم حكم 830 و 832: 318-319).

ئەیالەتی شارەزوور بەبەردەوامی یارمەتی سەربازی ئەیالەتەكانی دراوسێی داوە، هەتا ئەو ئەیالەتەنەیش كە دراوسێی نەبوونە لەڕووی سنووری جیۆگرافیەوە وەك بەسرا، بەڵام بە پێچەوانەش هەبووە كە لە ئەیالەتەكانی تری ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا وەك: ئەیالەتی ڕۆم(سێواس)، كە یارمەتی سەربازی ئەیالەتی شارەزووری داوە، چونكە بەپێی فەرمانێكی دیوانی سوڵتانی كە بۆ میری میرانی ڕۆم(سێواس) لە 23ی ئەیلولی 1567زدا نێردراوە، كە سەربازی پێویست لە ئەیالەتی ڕۆم(سێواس) بۆ پاراستنی شارەزوور بنێرێت، بەهۆی ئەوەی سەربازەكانی ئەیالەتی بەغدا كە بۆ شارەزوور نێردرابوون بۆ دەوروبەری مووسڵ ڕایانكردبوو، هەرچەندە لە سەنجەقی هەولێر سەرباز بۆ شارەزوور نێردراوە، بەڵام ژمارەكەیان زۆر كەمبووە و نەیانتوانیوە ئەو بۆشاییەی لەڕووی سەربازییەوە هەبووە پڕی بكەنەوە، هەرچەندە ئەم ڕووداوە لە كۆتایی ئابی 1567زدا بووە، بەهۆی ئەوەی كە (ئەسكەندەر پاشا)ی میری میرانی بەغدا ئەو سەربازانەی شارەزووری بە بەشداریكردنی میری میرانەكەی بۆ هەڵمەتی سەربازی بۆ سەر دوورگەكانی بەسرا و كەنداو دا ناردبوون، ئەمەش بۆ پارێزگاریكردن لە خەڵك و خاكی ئەیالەتی شارەزوور بووە( BOA:MHM. Defter No:7. Hüküm No:268: 101). وادیارە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لەسەر دانانی میری میرانی ڕۆم(سێواس) پێداگیری كردووە، كە دەبێت پارێزگاری لە ئەیالەتی شارەزوور بكات، لەهەمانكاتیشدا بە پارێزگاری ئەیالەتی شارەزووری ناوزەد كردبوو، بۆیە لە 8ی تەشرینی یەكەمی 1567زدا فەرمان بە ناوبراو كراوە، كە لە قەڵای كەركوك دەستبەكاربێت و چاودێری بارودۆخی شارەزوور و دەردۆری بكات، ئەمە بێجگە لە چاودێریكردنی عەرەبەكانی دەوروبەری كەركوك( BOA:MHM. Defter No:7. Hüküm No: 319: 124). ئەمەش هەڵوێستێكی جەختلێكراوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بووە، كە بۆ هەمیشە چاوەڕوانی یاخیبوون و نانەوەی پشێوی و نائارامی لە هۆزە عەرەبەكانی كردووە، بۆیە ئەمە ئاماژەیەكی نوێیە لەسەدەی شانزەهەمدا كە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی چاودێری هۆزە عەرەبەكانی دەوروبەری كەركوكی كردبێت، كە بەرەو ناوچەكانی باشووری كوردستان نەكشێن، بەڵكو لەناوچە ڕەسەنەكانی خۆیان دوورپێچ بكرێن، ئەمەش بەهۆی شێوەی پێكهاتنی كۆمەڵایەتی، سیاسی، سەربازی و ئابووری هۆزە عەرەبەكان بە جیاواز لەگەڵ پێكهاتە كۆمەڵایەتییەكانی وەك: كورد كە زۆرینەی كەركوك كورد بووە تا ئەمڕۆ، هەروەها نەیویستووە كە سروشتی دانیشتووان(دیمۆگرافیا)ی ئەو ناوچانە لەلایەن هۆزە عەرەبەكانە بگۆڕدرێت، بەهۆی زۆری دانیشتووان و شێوەی نیشتەجێبوونیان كە لەنێوان كۆچەری و نیشتەجێبوونی كاتی دابوونە.

بۆیە هەڵمەتی سەربازی بۆ سەر بەسرا و دوورگەكانی بەسرا و كەنداودا، بەگشتی سەربازی لە ئەیالەتەكانی وەك: شارەزوور، دیاربەكر، بەغدا و كوردستان بۆی كۆكراوەتەوە، لە فەرمانێكی دیوانی سوڵتانی لە 8ی تەشرینی یەكەمی 1567زدا بۆ میری میرانی بەغدا دا داوای لێكراوە، كە ژمارەی سەربازانی میرانی كوردستان و ئەیالەتەكانی شارەزوور و دیاربەكریان پێبدات لەگەڵ كۆكردنەوەی زانیاری لەسەر دوژمن ( BOA:MHM. Defter No:7. Hüküm No: 322: 125)، هەر دوای ئەمە لە 16ی كانوونی دووەمی 1568زدا فەرمان بە (ئەحمەد پاشا)ی میری میرانی ڕۆم(سێواس) كراوە، كە پارێزگاری لە ئەیالەتی شارەزوور كردووە، لەكاتی گەڕانەوەی میری میرانی شارەزوور دەست لەكارەكەی هەڵبگرێت و بگەڕێتەوە بۆ ئەیالەتی ڕۆم(سێواس) وەك میری میران ( BOA:MHM. Defter No:7. Hüküm No: 741: 263)، هاوكاری نێوان ئەیالەتەكانی شارەزوور و بەغدا و (سوڵتان حوسێن بەگ)ی ئامێدی بۆ ئەیالەتی بەسرا بۆتە جێگەی دڵخۆشی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، ئەو هاوكارییەی بە خزمەتكردنی ئایینی ئیسلام و دەوڵەتی سوڵتان(عوسمانی) زانیووە و داوای بەردەوامیان لێكراوە، ئەمە بێجگەلەوەی كە سوپاسی كردوون لەسەر ئەو هاوكارییكردنەدا ( BOA:MHM. Defter No:7. Hüküm No:742: 264). هەر بۆیە یاخیبوونەكەی ئیبنولعولیان تا سەرەتای ساڵی 1568 خایەندوویەتی وەك لە نامەیەكدا كە میری میرانی بەغدا لە 21ی كانوونی دووەمی 1568زدا بۆ ئیستانبوڵی ناردووە، كە بەهاوكاری ئەیالەتی شارەزوور، (سوڵتان حوسێن بەگ)ی ئامێدی و (جانپۆڵاد) و میرانی تر هێزێكی تەواویان لە سەربازانی لێهاتوو لە دوورگەكانی بەسرا و ناوخۆی بەسرادا جێگیركردووە، لەهەمانكاتیشدا پارێزگاریكردن لە قەڵاكان و هێشتنەوەیان بە پارێزراوی و دابینكردنی تەقەمەنی وەك بارووت بۆ تۆپخانەكانی ئەیالەتی بەسرا بەئەنجام گەێندراوە( BOA:MHM. Defter No:7. Hüküm No:743: 264)، سەرەڕای كۆكردنەوەی هێزێكی گەورە لەلایەن ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییدا بۆ دامركاندنەوەی یاخیبوونەكەی ئیبنولعولیان، بەڵام هێزەكانی عوسمانی

سەرکەوتوو نەبوون و تووشی زۆر شکستی یەك بە دوای یەکدا کەوتبوون، بۆیە (ئەسکەندەر پاشا)ی میری میرانی بەغدا فەرمانی بە بڕین و سووتاندن و لەناوبردنی دارخورما و بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیدا کە تاکە سەرچاوەی ژیانی خەڵك و هۆزەکانی ژێر فەرمانڕەوایی ئیبنوعولیان بوو، بۆیە لەم ساتەوەختە چارەنووسسازەدا ئیبنولعولیان بڕیاری ڕێککەوتنی لەگەڵ ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دا، کە یەکێکیش لە کوڕەکانی وەك بارمتە بۆ ئیستانبوڵی بنێرێت(عەبدوڵڵا، 2021: 235-237).

**4-2: ڕۆڵی ئەیالەتی شارەزوور لە دامرکاندنەوەی یاخیبوونەکانی دزفوڵ تا مانعیەکان:**

هەر لەسەدەی شانزەهەمدا ڕۆڵ و پێگەی شارەزوور لە دامراکاندنەوەی بزووتنەوەکانی یاخیبوو لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەتایبەتی لە ئەیالەتی بەسرا و لە یاخیبوونی شێخ موبارەکی حاکمی دیسفوڵ(دزفوڵ یان دیزفوڵ، کە لە باشووری ئێران لە پارێزگای خوزستان لەسەر ڕووباری دیزدا هەڵکەتووە)، کە ڕێگەی نێوان ئەیالەتەکانی بەغدا، بەسرا و ئەلئیحسای دەستبەسەرداگرتبوو، ئەمەش بە ئامانجی داگیرکردنی شاری بەغدا، بەڵام دیوانی سوڵتانی عوسمانی فەرمانی بە هەر یەك لە میری میرانی شارەزوور، بەگی سەنجەقەکانی هەریر و دوین(میرنشینی سۆران)، فەرمانڕەوایی بانە لە ئەیالەتی شارەزووردا کردووە، کە هێز کۆبکەنەوە بۆ بەرگرتن لەو هێرشانەی شێخی موبارەك لە ئەیالەتی بەسرادا ئەنجامیداوە( BOA:MHM.Defter No:71, Hüküm No:391, 206). هەر لەم ڕووداوانەی نێوخۆی بەسرادا کە ڕوویانداوە، دیوانی سوڵتانی فەرمانی بە میری میرانی شارەزوور، بەسرا و ئێحسایش کردووە کە قەڵاکانیان بەهێز بکەن و ئارامی ناوچەکانیان بپارێزن( BOA:MHM.Defter No:78.Hüküm No:260, 97)، ئەمەش بەهۆی هاوسنووربوونی هەر یەك لەم ئەیالەتانە لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی سەفەویدا

شایانی باسە، لەسەدەی شانزەهەمدا بەبەردەوامی لەلایەن دیوانی سوڵتانی عوسمانی فەرمان بە میری میرانی بەغدا کراوە کە قەڵاکانی شارەزوور بپارێزێت و نۆژەنیان بکاتەوە لە ڕێگەی دابین کردنی دارایی پێویست و وەستای ناوخۆیی، هەروەها جێگیرکردنی سەربازی پێویست لە قەڵاکانی شارەزووردا وەك لە 20ی نیسانی 1568زدا، فەرمانکراوە کە هێزەکانی تایفەی قوول لە ناوچەکانی رەملە (رملە) بۆ قەڵاکانی شارەزوور و بەسرا بگوێزرێنەوە لەبەرئەوەی لە ناوچەی رەملەدا هیچ پێویستییەك بۆ مانەویان نەماوە( BOA:MHM.Defter No:7. Hüküm No: 1308: 453).

بۆیە ڕۆڵی ئەیالەتی شارەزوور لە ڕووداوە نێوخۆییەکانی ئەیالەتی بەسرادا بەبەردەوامی ئامادەیی هەبووە، وەك لە یاخیبوونی عەرەبە کۆچەرییەکانی (هۆزی مانع) کە لە ماوەی ساڵانی1692-1693 سەریهەڵداوە و هێرشیان کردۆتە سەر ئەیالەتی بەسرا و قەڵاکەی و دەستیان بەسەرداگرتووە، بۆیە لە ئابی 1692زدا و تا دەسەڵاتیان گەیشتۆتە ناوچەکانی قورنە لە ئەیالەتی بەسرادا، کە ڕێگاکانی باشووری ئەیالەتەکەیان کۆنترۆڵکردووە و والی ئەیالەتی ناوبراویش کە (ئەحمەد پاشا) بووە کوشتویانە، دوای ئەم ڕووداوانە لە کانوونی یەکەمی 1692 داوا لە والی ئەیالەتەکانی شارەزوور، دیاربەکر، مووسڵ و بەغدا کراوە کە لەڕێگەی کۆکردنەوەی هێزی تیمار و زەعامەت(دەرەبەگی سوپایی) سەنجەقەکانیان و بەسەرکردایەتی والی بەغدا کۆتایی بەو یاخیبوونەی مانعیەکان بهێنن( BOA:MHM.Defter No:104. Hüküm No: 474-476).

هەر بۆیە یاخیبوونی هۆزە دەشتەکیەکانی (مانع) لە بەسرا مەترسی لەسەر ئاسایشی ناوخۆیی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و بەتایبەتی ئەیالەتەکانی بەغدا، مووسڵ و دیاربەکردا دروستکرد بوو، ئەمە بێجگە لە ئەیالەتی شارەزووریش، بۆیە لەچەند فەرمانێکی دیوانی سوڵتانی عوسمانی جیاوازدا لە کانوونی یەکەمی 1692زدا بۆ هەر یەك لە (سیاوەش پاشا)ی میری میرانی شارەزوور، میری سەنجەقەکانی وەك: (عەبدولرەحمان بەگ)ی میری سەنجەقی قزڵجە، (ئیسماعیل بەگ)ی میری سەنجەقی زەنگەنە، (عەبدولقادر بەگ)ی میری سەنجەقی هەولێر، (عومەر بەگ)ی میری سەنجەقی قەرەداغ، (عەلی بەگ)ی میری سەنجەقی کۆیە، (موحەممەد بەگ)ی میری سەنجەقی جاغان کیدی(جەغان-جڤان)، (ئەحمەد بەگ)ی میری سەنجەقی دۆڵفران(دۆڵی گۆران-شاربازێر)، (عەلی بەگ)ی میری سەنجەقی هەروجە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی داوا لە 14 میری سەنجەق و والی ئەیالەتەکانی تری عوسمانیش کراوە، کە هێزێك لەژێر سەرکردایەتی (موحەممەد پاشا)ی میری میرانی دیاربەکر بۆ دامرکاندنەوەی یاخیبوونی هۆزە دەشتەکیەکانی بەسرا (هۆزی مانع) ئامادە بکەن( BOA:MHM. Defter No: 104. Hüküm No: 477-500: 107)، ئامادەکاری بۆ هێرشکردنە سەر بەسرا لە سەرەتای پاییزی 1692زدا بووە، بەڵام کاتی ئەنجامدانی هێرشەکە کەوتۆتە بەهاری 1693زدا، چونکە کەشوهەوای وەرزی زستان لە کوردستان لەبار نەبووە بۆ کۆکردنەوەی هێز و ڕێکخستنی لەژێر سەرکردایەتی میری میرانی دیاربەکردا..

ڕۆڵ و پێگەی ئەیالەتی شارەزوور بەتەنها لە ڕووداوە ناوخۆییەکانی ئەیالەتی بەسرا بۆ سەرکوتکردن و دامرکاندنەوەی یاخیبوونە خێڵەکیەکان خۆی نابینێتەوە، بەڵکو لەڕووی پەیوەندی کارگێڕیش ئاماژەی گرنگ هەن، وەك لە فەرمانێکی سوڵتانیدا لە 17ی تەشرینی یەکەمی 1609زدا بۆ بەڕێوەبەری دارایی (دفتردار) و فەرماندەی هێزە خۆبەخشەکانی ئەیالەتی بەسرادا نێردراوە، کە تێیدا ئەیالەتی بەغدا و شارەزوور ئاگادارکراونەتەوە لەناردنی (موحەممەد چاوش) بەڕێگەی دەریایی بۆ هەندێك خزمەتی تایبەت(کۆکردنەوەی باجەکان-داهات) بۆ ئیستانبوڵ، کە داواکراوە پارێزگاری لێبکرێت و بپارێزرێت بەتایبەتی لەناوچەی ئەلئێحسادا ( BOA:MHM. Defter No:78. Hüküm No:127: 47)، بەڵام لە پێش هاتنی نوێنەری سوڵتانی عوسمانی (ئەحمەدی یەکەم 1603-1617) بۆ بەسرا بەڕێگەی دەریایی، لەڕۆژی 12ی تەشرینی یەکەمی 1609زدا میری میرانی ئەیالەتی شارەزوور ئاگادارکراوەتەوە لە پشکنینی سەربازانی قەڵا سنوورییەکانی ئەیالەتەکەیاندا، ئەم فەرمانە بۆ هەر یەك لە ئەیالەتەکانی بەسرا و ئەلئێحسایش نێردراوە( BOA:MHM. Defter No:78. Hüküm No: 260: 97)، ئامادەیی ئەیالەتی شارەزوور لە پەیوەندی نێوخۆی ئەیالەتەکانی عوسمانییدا بەهۆی سیستەمی کارگێڕی ناوەندێتیی عوسمانی بووە، کە سەرجەم ئەیالەتەکانی لە پەیوەندی کارگێڕی، سەربازی، دارایی و سیاسییدا کۆکردۆتەوە،

بەتایبەتی لە کاتی دروستبوونی مەترسی ناوخۆیی و دەرەکی لە هەر یەکێك لە ئەیالەتەکاندا.

## 5.دەرئەنجام:

یەکەم: ئەیالەتی شارەزوور؛ لە سنوورەکانی خۆرهەڵاتی عوسمانییدا یەکێك لە ئەیالەتە هەر گرنگی پێدراوەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و خودی سوڵتانەکانی بووە، لەبەرئەوەی دەروازەی هێرشەکانی ئیمپراتۆرییەتی سەفەوی و هێزە میراتگرەکانی لە ماوەی سەدەی شانزەهەم تا چارەکی کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا بووە، بۆیە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لەڕووی کارگێری، سیاسی، سەربازی و داراییەوە بەناوەندە هەرێمییەکانی نزیك بە ئەیالەتی شارەزوو، کە ئەیالەتی بەغدا بووە پەیوەستیکردووە، بۆ ئەوەی شارەزوور لە ژێر دوو هەژموونی دوور (ئیستانبوڵ) و نزیك(بەغدا)دا بێت بەشێوەیەکی بەردەوام.

دووەم: پەیوەندییەکانی ئەیالەتی شارەزوور لەگەڵ ئەیالەتی بەغدا، کە لەماوەی ئەو پەیوەندییەدا 1564-1779زدا، ئەیالەتی شارەزوور و والییەکانی وەك پاشکۆبوونێکی سیاسی، سەربازی، ئابووری و کارگێری تەماشاکراون، ئەو پاشکۆبوونە لە سەردەمەکانی دواتردا کاری لەسەر کراوە کە بەردەوامی هەبێت، کە ئەمە لەدوورمەودادا کاریگەری نەرێنیی بەدوای خۆیدا هێناوە و ڕەنگدانەوەی بەسەر ڕووداوەکانی تری ناوخۆیی ئەیالەتی شارەزوور و چارەنووسەکەییدا هەبووە.

سێیەم: ئەیالەتی شارەزوور؛ ڕۆڵێکی کاریگەری لە ڕووداوە ناوخۆییەکانی ئەیالەتی بەسرادا هەبووە، بەتایبەتی لە چارەکی کۆتایی شانزەهەم و حەڤدەهەمدا بۆ دامرکاندنەوەی یاخیبوونی خێڵ و تیرە کۆچەرییەکانی ئەیالەتی بەسرا، کە میرانی کورد و سەربازەکانیان بەشداری ئەو هەڵمەتە سەربازیانەیان کردووە بەدرێژایی ئەو ماوەیەی ئاماژەپێیکراوە، بۆیە ئەیالەتی شارەزوور بەشدارییەکی کارای هەبووە، بەهۆی نزیکی جیۆگرافیاکەی بەبەراورد لەگەڵ ئەیالەتەکانی تر لە وڵاتی شام و ئەنادۆڵدا.

چوارەم: ئەیالەتی شارەزوور؛ مەڵبەندێکی گەورەی کشتوکاڵی بووە، خاوەنی بەرهەمێکی گەورەی خواردەمەنی بووە، بۆیە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی سەرەڕای سوود وەرگرتنی لە توانا سەربازییەکانی ئەیالەتی ناوبراو، بەڵام سوودێکی گەورەی لە بەربوومە کشتوکاڵییەکانیشی وەرگرتووە بۆ هەمیشە چاویان لەسەر شارەزوور بووە، کە بەخواردەمەنیش پشتگیری هەڵمەتە سەربازییەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە ئەیالەتەکانی بەغدا و بەسرادا بکات، بۆیە لە پەیوەندییەکانی ئەیالەتی شارەزوور بەم دوو ئەیالەتەدا دابینکردنی خۆراك بۆ سوپای عوسمانی وئەیالەتەکان بووە، کە ڕۆڵێکی کاریگەری لە بەهێزکردنی پەیوەندییەکاندا بینیووە.

پێنجەم: ئەیالەتی شارەزوور لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ ئەیالەتی بەغدادا، بەشێوەیەکی هاوسەنگ نەبووە، لەبەرئەوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، خاسیەت و تایبەتمەندی ئەیالەتەکانی دیاریکردبوو، هەروەکو دامەزراندنی والی ئەیالەتی بەغدا بە پلەی وەزیر، بەڵام دامەزراندنی والییەکانی ئەیالەتی شارەزوور بە پلەی خوار وەزیر یان هەندێکجار دامەزراندنی والییەکانی ئەیالەتی شارەزوور لەلایەن والییەکانی بەغدادا، ئەمە لەڕووی هەژموونکردنی بەهێزی والییەکانی بەغدا بەسەر والییەکانی شارەزووردا بەتەواویی ئەو پەیوەندییەی ناهاوسەنگ کردبوو، کە هەتا هەندێك لە والییەکان لە دوای ناوخۆیان بنووسن پەیوەست بە والی ئەیالەتی بەغدا، ئەم نەریتە سیاسی و کارگێرییە کاریگەرییەکی نەرێنیی بەدوای خۆیدا هێنا، کە ئەنجامەکەی لکاندنی ئەیالەتی شارەزوور بە ئەیالەتی بەغدا لە تەشرینی یەکەمی 1779زدا بوو.

شەشەم: پەیوەندییەکانی نێوان ئەیالەتی بەغدا و شارەزوور، بەسرا و شارەزوور زیانێکی زۆری بە لایەنی سەرچاوەکانی مرۆیی و سەرمایەی(داهات-دارایی) ئەیالەتی شارەزووردا گەیاند، چونکە پەیوەندییەکان دوو ڕەهەندی سەرەکیان هەبوو، یەکەم: پەیوەندی سەربازی، کە لەشەڕ و ململانێ ناوخۆییەکان و بەرپەرچدانەوەی هەژموونەکانی ئیمپراتۆرییەتی سەفەوی خۆیدا دەبینیەوە، سەربازێکی زۆری میرانی کورد(میری سەنجەقەکان) تەڤلی ئەو شەڕ و پێکدادانە دەبوون، کە ژمارەیەکی زۆری سەرباز لەم شەڕانەدا گیانیان لەدەستدەدا و زیانێکی گەورەی مرۆیی بە خەڵکی ئەیالەتی شارەزوور دەکەوت، دووەم: لەماوەی ئەو پەیوەندییەدا دارایی شارەزوور و داهاتەکەی لە کاتی شەڕ و ئاشتیدا لە خزمەتی ئەیالەتی بەغدا و بەسرا دابوو، کە ئەمە خەڵك و دانیشتووانی شارەزوور باجەکەیان دەدا، کە لەدواڕۆژدا زیانێکی گەورە بە بەر سامان و داهاتی ئەیالەتی شارەزووردا کەوت، کە سێ بەشی زیاتری ئێستای باشووری کوردستان بوو.

## 6.پەراوێزەکان:

**هەڵمەتی سەر دوو عێراقەکە(حملة العراقين) (سفر العراقين- Irakeyn Seferi):** ئەو هەڵمەتە سەربازییە بوو کە سوڵتان سلێمانی قانوونی لە ڕۆژی بەجێهێشتنی بەری خۆرئاوای ئیستانبوڵ و پەڕینەوەی بۆ بەری خۆرهەڵات لەوێوە بۆ شار و ناوچەکانی بورسە، قونیە، ئەرزەڕۆم، ئەرزنجان، تەبرێز، ڕەی، هەمەدان، قەسری شیرین، خانەقین، بەغدا، کەرکوك، دەشتی گۆپ تەپە، شارەزوور، مەراغە و جارێکی چونەوە بۆ تەبرێز و ئینجا ڕۆیشتنەوە بۆ ئیستانبوڵ بەڕێگەی تەبرێز بۆ میریند، خوی، ئەرجیش، ئەخلات، قۆنیا بۆ ئیستانبوڵ، هەموو ئەوماوەیە لە ڕۆژی 11ی حوزەیرانی 1534 بۆ 8ی کانوونی دووەمی 1536 بووە، کە هەڵمەتە سەربازییەکەی سەر دوو عێراقەکە بەتێکڕایی 577 ڕۆژی خایاندوە، بەهۆی زاڵبوونی ڕۆشنبیری عەرەبی کە سەرچاوەکەی کەلەپووریی جیهانی ئیسلامی بووە لە دەرباری ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا ناونیشانی ئەو هەڵمەتەیان کردۆتە (هەڵمەتی سەربازی سەر دوو عێراقەکە)، کە مەبەستیان عێراقی عەرەبی و عەجەمی بووە، بەڵام لەپێش و دوای هەڵمەتەکەیشدا ئەو بڕیارە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دراوە کە هەردوو عێراقەکە لە هەڵمەتە سەربازییەکەدا بەتەواوی بخرێنە ژێر دەسەڵاتدارییەتی ناوەندی ئیمپراتۆریەتەکەیان لە ئیستانبوڵ، بەڵام لە ئەنجامدا بەتەواوی ئەو پلانەی بۆ هەڵمەتە سەربازییەکە دانرابوو سەرکەوتو نەبوو(أمجان، 2014: ص 171-183).

**حوسێن بەگی داسنیی و داسنییەکان:** نوێترین زانیاری دەربارەی مێژوو و ڕیشەی داسنییەکان لە توێژینەوەیەکدا بەم ناونیشانە: الأمير حسين بك الداسني وابناءه دراسة في سيرتهم الذاتية ودورهم الإداري, مجلة العلوم الإنسانية لجامعة زاخو, 2022: 119-120 و 123). خراوەتە ڕوو، ئەم لێکۆڵینەوەیە نوێترین توژینەوەی زانستییە کە پاڵپشتە بە کۆمەڵێك بەڵگەنامەی عوسمانی بڵاونەکراوە و ساغکردنەوەی ژیان و

ڕۆڵی حوسێن بەگی داسنی لە ڕووداوەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی شانزەهەم لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و کوردستاندا، هەروەها مێژووی مردنی حوسێن بەگی داسنی ساغکراوەتەوە کە لە ساڵی 1564 زائینی کۆچی دواییکردووە بە پێی بەڵگەنامەکانی عوسمانی، ئەو زانیاریانەی باس لەسەرپەڕاندنی حوسێن بەگی داسنیی لە ئیستانبوڵ لە ساڵی 1544 دەکەن بە هەڵە دادەنرێن، وەك زانیارییەکانی هاتوو لە کتێبی (**شەرەفنامە**) لە نووسینی شەرەفخانی بدلیسی 1597زدا، چونکە بەڵگەنامەکان بە نزیکەی سی ساڵ پێش نووسینی شەرەفنامە باس لە ڕۆڵ و کۆتایی ژیانی حوسێن بەگی داسنییدا دەکەن، کە لە ساڵی 1564 دا کۆچی دواییکردووە(حسن، 2022: 119-120 و 123).

**سورخاب:** سورخاب بەگ کوڕی مەئمون بەگی کوڕی مونزیر کوڕی بابلۆی ئەردەڵانی بووە، لە پاش دەستبەسەرکردنی مەئمون بەگی کوڕی بێگە بەگی برازای لە نیوەی یەکەمی سەدەی شانزەهەمدا، بوو بەحوکمڕانی ئەردەڵان و سەنجەقی شارەزوور، دۆستایەتیەکی بەتینی لەگەڵ شا تەهماسبی سەفەوی هەبووە، بۆ ماوەی 65 ساڵ حوکمڕانی کرد لەدوای خۆیدا یانزە کوڕی بەجێهێشت(بدلیسی، 2017، 187-188).

**مەئمون بێگە بەگ:** مەئمون کوڕی بێگە بەگی کوڕی مەئمون بەگی کوڕی مونزیر کوڕی بابلۆی ئەردەڵانی بووە، تەنها یەك برای بەناوی سمایل هەبووە کە سەرکردایەتی ناوچە و قەڵای سرۆچکی کردووە، هەر زوو مردووە، دوای گەمارۆدانی مەئمون بەگی بێگە بەگ لە قەڵای زەڵم بەسەرکردایەتی سوڵتان حوسێنی بادینان بەبەشداری کۆمەڵێك لە میرانی کوردستان و بادینان لە ساڵی 1538زدا ناچار بە تەسلیمبوونی دەکەن و دواتر دەنێردرێتە ئیستانبوڵ، بەڵام لەبەرانبەردا سوڵتان سلێمانی قانوونی ناوچەی (حیللە) کە سەر بە ئەیالەتی بەغدا بووە پێیدەبەخشێت، هەر چەندە خۆی نارازی بووە و لەشێوەی یادداشت و سکاڵانامەیەك دا بە زمانی تورکی عوسمانی، کە دواتر بەزمانی تورکی نوێ بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێردراوە و یادداشتەکەی لەچاپ دراوە، لە ساڵی 1575 زدا دوای گەڕانەوەی بۆ ناوچەی شارەزوور و میرایەتی ئەردەڵان کردووە، بەڵام داواکارییەکەی جێبەجێنەکراوە و بەپێی زانیارییەکانی شەرەفخانی بدلیسی بێت تا ساڵی 1005ك-1596زدا لە ژیان دا بووە(بدلیسی، 2017: 187 و زكي، 2005: 349 و الروژبياني و مصطفى، 1980).

**موحەممەد بەگ:** موحەممەد بەگ کوڕی مەئمون بەگی کوڕی مونزیر کوڕی بابلۆی ئەردەڵانی بووە، بەشە میراتی باوکی(مەئمون بەگی یەکەم) لە سەرداریکردنی ناوچە و قەڵاکانی: سرۆچك، شەمێران، شارباژێر، ئالان و مەریوان پێیدراوە، بەڵام ناوبراو لەدوای دۆرپێچکردنی قەڵای زەڵم لەلایەن سوپای عوسمانی کە ماوەی دوو ساڵی خایاند لە 1552-1554زدا کوژراوە و دۆرپێچکردنەکە بەهاوکاری ڕۆستەم پاشای مەزنە وەزیر و عوسمان پاشای سەرکردەی سەربازی مەزنی بەغدا واتە سوپای عوسمانی و کۆمەڵێك دەسەڵاتداری تری کوردستان بووە(بدلیسی، 2017: 188-189).

**قەڵای نوێ(نوى قلعەسی):** نەوێ گوندێکە لە ناحیەی خورماڵ لە پارێزگای هەڵەبجە، نزیکەی 33 کیلۆمەتر لەسەنتەری ناحیەکەی دوورە، ژمارەی دانیشتوانەکەی (424) کەسە بەپێی ئاماری ساڵی 2009، خەڵکەکەی لەسەر بەرهەمەکانی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری و باغداری دەژین، ئەم گوندە چەندین شوێنەواری کۆنی هەیە، لەوانە قەڵاکان(غەفوور، 2019: 104-105).

**گوندی چنارەی باساك:** گوندێکە لە ناحیەی سرۆچك لە قەزای سەید سادقی پارێزگای سلێمانی، دانیشتوانەکەی لە عەشیرەتی غەوارەن، بەپێی ئاماری ساڵی 2009ی حکومەتی کوردستان دانیشتوانەکەی نزیکەی (42) کەس بووە، کار و بەرهەمیان کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییە(غەفوور، 2020: 287).

**بابا جەوزی:** لەسەرچاوە مێژووییەکانی سەردەمی عوسمانی دا، هیچ زانیارییەك دەربارەی سەربردەی ژیانی ئەم کەسە بەردەست نەبووە و نییە، بەڵام وەك دکتۆر فازڵ بەیات ئاماژەی پێکردووە بەشێوەی کەسێکی ئاینی-تەسەووفی لەناوچەی کەرکوك دەرکەوتووە، بەڵام ئەویش دیاری ناکات کە ڕێبازی سۆفیگەرییەکەی چ بووە...؟!

**قەڵەمی سەرۆکی ژمێریاران(Baş Muhasebe):** ئەم دامەزراوەیە بەیەکێك لە گرنگترین لە دامەزراوەکانی دارایی عوسمانی دادەنرێت، مێژووی هێنانەکایەی(استحداث) بۆ سەرەتاکانی سەدەی حەڤدەهەم دەگەڕێتەوە، کە سەرپەرشتی هەموو داهات، خەرجییەکان، پارێزگاریکردن لە قانوون، ڕێکخستە داراییەکان و ئەو زێرانەی کە لەخەزێنەکانی ناو کۆشکی عوسمانییدا هەبووە کردووە، ئەمە بێجگەلەوەی قەڵەمی ژمێریاران بۆ شەش خەزێنەی گەورەی دابەشدەبوون، وەك: تۆپخانە، کارگەی دروستکردنی کەشتی، چێشتخانە، خۆراك، حەرەمی مەککە و مەدینە و دارایی، هەر یەك لەم بەشانەی بەڕێوەبەری بە پلەی(خواجە:مامۆستا) هەبووە، بەڵام بەڕێوەبەرەکەی بە (باش محاسب) سەرۆکی ژمێریاران دیاریکراوە، زۆرجاریش دامەزراوەکە بە ناونیشانی: قەڵەمی یەکەمی ژمێرە یان قەڵەمی یەکەمی ژمێریاری ناوزەدکراوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕواننەوە (أقطاش، نجاتي و بينارق، عصمت، 1986: 22).

**کوردستان:** هەندێك لە بەڵگەنامەکانی عوسمانییدا ووشەی کوردستان کە وەك ئەمڕۆ چۆن گۆدەگرێ و دەنووسرێ، ئاوا نووسراوە، وەك لەم بەڵگەنامەیەدا کە مێژووەکەی بۆ 4ی ڕەبیعی دووەمی 975ك-8ی تەشرینی یەکەمی 1567 دەگەڕێتەوە، دەربارەی میرانی کوردستان(امراء کوردستاندر) نووسراوە، هەروەها دەربارەی سەرانسەری کوردستان(ساير کوردستاندن) نووسراوە( BOA: A.DVNS.MHM. Defter No:07.Hüküm No:322: 125)، ئەمەش بەڵگەیە و دوو لێکدانەوەی گرنگ هەڵدەگرێ، یەکەمیان: نووسەران و خوێندەواران و خەڵکی کوردستان ووشەکەیان چۆن گۆکردووە، لەلایەن دیوانی سوڵتانی عوسمانی بەمشێوەیە نووسراوەتەوە، ئەو گریمانەیە دێنێتەگۆڕێ کە زانیاری تەواو هەبوبێت یان نووسەری ئەو فەرمانانە کورد بووبن یان لە کوردستان کاریان کردبێت. دووەم: لە زمانی تورکی-عوسمانی و تورکی نوێ دا، وەك ئەو ڕێسایانەی لە خوێندنەوەی پیتەکانی زمانی عەرەبیدا هەیە، لە زمانەکانی ناوبراودا نییە، بۆیە وشەی(کوردستان) وەك خۆی چۆن گۆکراوە(یلفظ) و ئاواش نووسراوەتەوە و گۆکراوە، بۆیە ئەمە بەڵگەیەکی زیندوو و گرنگی مێژووییە کە نزیکەی 456 ساڵ پێش ئەمڕۆ بەمشێوەیە وشەی کوردستان لە دیوانی سوڵتانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییدا خوێندرابێتەوە و نووسرابێتەوە.

**ئەلمانع:** ناوی سەرۆکی هۆزێکی میرنشینی یان مەملەکەتی مونتەفیك(المنتفق) لە باشووری عێراق بووە، کە ناوی تەواوی

شێخ مانعی کوڕی شێخ ڕاشدی کوڕی شێخ مەغامس بووە، لە بنەماڵەی مەزنی شەبیب(آل شبیب)ن، بەڵام ناوبراو بە سەرۆك هۆزی بنەماڵەی موحەممەد (آل محمد)یش ناسراون، لە ساڵی 1696 شێخ مانع بەتەواوی دەستی بەسەر شاری بەسرا دا گرت، بەهۆی هەبوونی بۆشایی و کەمتەرخەمی لە کارگێڕی ئەیالەتی بەسرادا، ناوبراو لە ساڵی 1703 کۆچی دوایکردووە، بزوتنەوەکەی کە لە ساڵانی 1692 دەستی پێکرد هەر بەناوی بزووتنەوەی شێخ مانع ناونرا بوو(العزاوي، 2010: ج3-4، 253).

**ئەلجەزائیر:** لەبەشێکی توێژینەوە نوێیەکان لە مێژووی نوێی کورددا، بەتایبەتی لەسەردەمی عوسمانییدا کە بەڵگەنامەکان باس لە ناردنی هێزی ئەیالەتی شارەزوور بۆ ئەلجەزائیریان کردووە، زۆرێك لە توێژەران بە وڵاتی ئەلجەزائیر یان مەزەندە کردووە، واتە: دەوڵەتی جەزائیر لە باکووری ئەفەریقادا، بەڵام لە دابەشکاری ئەیالەتی بەغدادا لەسەرەتای هاتنی عوسمانییەکان، سەنجەقێك یان لیوایەك بە ناوی(لواء الجوازر) یان(الجزائر) هەبووە، کە لەژێر دەسەڵاتی ئیبنولعولیان دابووە، کە سەرۆکی هۆزی تەی(طيء) بووە، دواتر بۆتە سەنجەقێك لە ئەیالەتی بەسرادا(العزاوي، بدون.س.ط، ج4، 339)، بەڵام وەك لەم توێژینەوەیەدا باسکراوە، ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بەسەر یاخیبوونەکەی ئیبنوعولیاندا سەرکەوتووبوونە.

**ئیبنولعولیان:** ناوەندی سەرەکی نیشتەجێبوونی ئیبنولعولیان یان کوڕانی عولیان ناوچەی قوڕنە(القرنە) بە دووری (70) کیلۆمەتر لە شاری بەسرا بووە، بەتایبەتی لە خۆرهەڵاتی قورنە لە هۆڕاوەکانی ئەلحویزە نیشتەجێ ببوون، کە ئەم ناوچەیە بە شوێنی بە یەکگەیشتنی هەر دوو ڕووباری دیجلە و فورات بەناوبانگە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ناوچەکە دەوڵەمەند بە بەرهەمی ماسی، دارستانی قامیشەڵان، خورما و بێستانێکی زۆری بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بووە، بزوتنەوەی عەلی کوڕی عولیان لە 1549زدا دەستپێکرد و بەشێوەیەکی پچڕپچڕ بۆ ماوەی نۆزدە ساڵ بەردەوامی هەبوو، لە ساڵی 1567-1568زدا بەیەکجاری بزووتنەوەی ئیبنولعولیان سەرکوتکرا.(العزاوي، ب.س.ط: 131-135 و عەبدوڵڵا، 2021: 235-237).

## 7. لیستی سەرچاوەکان:

یەکەم: دەستنووسی بڵاونەکراوە:

العمري، یاسین العمري الخطیب بن خیرالله(1203هـ-1787م): عنوان الاعیان في ذکر تواریخ ملوك الزمان، حرر في 1203هـ-1787م، ص289ب. ئەم دەستنووسە وێنەیەکی ئۆرجیناڵ و لەبەرگیراوەی لە خانەی نیشتمانی دەستنووسەکانی ئەڵمانیا لە بەرلین لە ژێر هەژماری(Petermann I 72/1-621) پارێزراوە، وێنەیەکی لەبەرگیراوە لەبەردەستی توێژەردایە.

دووەم: بەڵگەنامەی بڵاونەکراوە، بەزمانی(تورکی-عوسمانی)، لەسەرۆکایەتی فەرمانگەی ئەرشیفی سەرۆك وەزیرانی عوسمانی:

ئەلیف: دەفتەری کارە گرنگەکان(مهمه دفتری):

Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA):A.DVNS.MHM.Defter No:001. Hüküm No:298, 1118.

Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA):A.DVNS.MHM. Defter No:002. Hüküm No:1643.

Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA): A.DVNS.MHM. Defter No:05. Hüküm No: 118, 834, 930, 1024-1028, 1133, 1964, 1967,

Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA): A.DVNS.MHM. Defter No: 07. Hüküm No: 268, 319, 322, 741, 742, 743, 1118, 1308, 1756.

Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA): A.DVNS.MHM. Defter No:071. Hüküm No: 391, 771..

Osmanlı Arşivi Daire :Başbakanlığı(BOA): A.DVNS.MHM. Defter No:078. Hüküm No: 127, 228, 260, 1616.

Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA): A.DVNS.MHM.Defter No: 104. Hüküm No: 218-221, 234, 235, 236-239, 477-500,

Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA):A.DVNS.MHM.Defter No:114, Hüküm No: 541.

Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA):A.DVNS.MHM.Defter No:142, Hüküm No: 132, 134, 136, 138.

بێ: دەفتەری فەرمانەکانی بابی ئاصەفی

(1)Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA): BAB-İ ASAF Defternane-i Amire Defterleri(A.NŞT.D): Defter No: 1355.

تێ: دەفتەری سەرۆکی ژمێریارانی بەغدا:

)1(Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA): Bağdad Defteri Baş Muhasebe(D-BŞM), Defter No: 41425.

جێ: لە دۆسییەکانی ئەرشیفکراوی وەقفی ئیبنولئەمین:

Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA): İE_AS.01.025.01.01

سێیەم: بەڵگەنامەی بڵاوکراوەکان(کتێب بە زمانی تورکی-عوسمانی و عەرەبی):

**فاضل بیات(إعداد و دراسة و ترجمة)(2010): البلاد العربیة في الوثائق العثمانیة، مجلد1, مرکز الأبحاث للتاریخ والفنون والثقافة الإسلامیة, Kurtiş Printing Co.Ltd.، استانبول.**

Topkapı Saray Arşivi, E.6607/2

مهمه دفتری(طوب قابي سرای)، رقم دفتر 888, ص 53.

**فاضل بیات(إعداد و دراسة و ترجمة) (2011):: البلاد العربیة في الوثائق العثمانیة، مجلد2, مرکز الأبحاث للتاریخ والفنون والثقافة الإسلامیة, Neşe Matbaacılık San. Ve Tic.A.Ş، استانبول.**

مهمه دفتری(طوب قابي سرای)، رقم دفتر 888, ص 264-ب.

مهمه دفتری(طوب قابي سرای)، رقم دفتر 888, ص 349 أ-ب.

مهمه دفتری(طوب قابي سرای)، رقم دفتر 888, ص 366-أ.

مهمه دفتری(طوب قابي سرای)، رقم دفتر 888, ص 349ب-350أ.

مهمه دفتری(طوب قابي سرای)، رقم دفتر 888, ص ص 349 أ-ب.

مهمه دفتری(طوب قابي سرای)، رقم دفتر 888, ص ص 372ب-373أ.

**بیات، فاضل(إعداد وترجمة ودراسة)(2014): البلاد العربیة في الوثائق العثمانیة، مجلد3, مرکز الأبحاث للتاریخ والفنون والثقافة الإسلامیة, استانبول.**

مهمه دفتری، رقم دفتر 5, رقم حکم 122, ص 53.

مهمه دفتری، رقم دفتر 5, رقم حکم 830 و 832, ص 318-319.

مهمه دفتری، رقم دفتر 6, رقم حکم 1176, ص 543.

مهمه دفتری، رقم دفتر 6, رقم حکم 1269, ص 578.

**بیات، فاضل(إعداد و دراسة و ترجمة)(2017): البلاد العربیة في الوثائق العثمانیة الولایات العراقیة في عهد السلطان سلیم الثاني 1566-1574، تقدیم: خالد أرن، مجلد5-القسم الأول, مرکز الأبحاث للتاریخ والفنون والثقافة الإسلامیة, استانبول.**

مهمه دفتری، رقم دفتر 14, رقم حکم 188, ص 132-133.

مهمه دفتری، رقم دفتر 26, رقم حکم209, ص 81.

مهمه دفتری، رقم دفتر 26, رقم حکم 287, ص 112.

**بيات، فاضل(إعداد و دراسة و ترجمة)(2017): البلاد العربية في الوثائق العثمانية الولايات العراقية في عهد السلطان سليم الثاني 1566-1574، تقديم: خالد أرن، مجلد6-القسم الثاني, مركز الأبحاث للتاريخ والفنون والثقافة الإسلامية, استانبول.**

مهمه دفتری, رقم دفتر 12, رقم حکم 682, ص 335.

مهمه دفتری, رقم دفتر 14, رقم حکم 1379, ص 931.

مهمه دفتری, رقم دفتر 14, رقم حکم 1476, ص 990.

مهمه دفتری, رقم دفتر 22, رقم حکم 476, ص 244.

**چوارەم: گەشتنامە (بەزمانی عەرەبی):**

زادة, مطراقی نصوح بن عبدالله(2003): رحلة مطراقی زادة/ لنصوح افندی السلاحي, ترجمة: صبحي ناظم توفيق, تحقيق: د.عماد عبدالسلام رؤوف, المجمع الثقافي-ابوظبي.

**پێنجەم: یادداشت (بەزمانی عەرەبی):**

الروژبیانی و مصطفی، محمد جميل و شكور (نقلها إلى العربية وعلق عليها)(1980): مذكرات مأمون بك بن بيگه بك، ط1، مطبعة المجمع العلمي العراقي، من مطبوعات المجمع العلمي العراقي-الهيئة الكردية، بغداد.

**شەشەم: کتێب: بەزمانی کوردی:**

بدلیسی، شەرەفخانی(2017): شەرەفنامە؛ ژیان و بەسەرهاتی میرانی کوردستان، وەرگێرانی: سەلاحەددین ئاشتی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی گوتار، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی، سەقز-ئێران.

خونجی، دکتور ئەمیر حوسێن: شاهـ ئیسماعیلێ سەفەوی و دامەزراندنا دەولەتا سەفەوی(خواندنەکا ڕەخنەیی)، وەرگێران ژ زمانێ فارسی: نزار ئەیوب گولی، ب.ن.چ، ب.ش.چ، ب.س.چ.

عەبدوڵلا، د.ئیناس سەعدی(2021): مێژووی نوێی عێراق 1258-1918، وەرگێرانی: مەحموود هۆمەر باوزێ، چ1، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

عەبدوڵلا، نەجاتی(2001): کوردستان و کێشەی سنووری عوسمانی-فارسی، چ1، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

قەفتان، ساڵح(2021): مێژووی نەتەوەی کورد، چ3، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

مەعروف, کەمال نوری(2021): نوسراوەکەی سارجۆنی ئاشووری لە تەنگی ڤەری پارێزگای کوردستان(سنە)، چ1، چاپخانەی تاران، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانی،

نەقشبەندی, د.حسام الدين علي غالب (2008): شارەزوور و لوڕستانی باکوور لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، وەرگێرانی بۆ کوردی: ڕەنج ابوبکر محمد، چ1، چاپخانەی حەمدی، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری(ی.ن.ك)، سلێمانی.

هەروتی، پ.د.سەعدی عوسمان(2018): خانزادی سۆران، خانزادی سۆران و ئەدەبی زارەکی لە دوو توێژینەوەی مێژووییدا، چ1، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

**حەوتەم: کتێب بەزمانی عەرەبی:**

أمجان, أ.د.فريدون(2014): سليمان القانوني سلطان البرين والبحرين حقائق في ضوء مصادر, ترجمة: د.جمال فاروق و احمد جمال, ط1, دار النيل للطباعة والنشر, القاهرة.

پچوی، إبراهيم أفندي(2015): تاريخ پچوی(التاريخ السياسي والعسكري للدولة العثمانية من عهد السلطان سليمان القانوني حتى عهد السلطان سليم الثاني)، ترجمة: ناصر عبدالرحيم حسين، المجلد الأول، ط1، المركز القومي للترجمة، القاهرة.

خليفة، حاجي(2017): تحفة الكبار في أسفار البحار, ترجمة و تحقيق: أ.د.محمد حرب و د.تسنيم حرب, ط1, دار البشير للثقافة والعلوم, القاهرة.

العمري, شيخ ياسين(2013): تاريخ محاسن بغداد وهو (تهذيب غاية المرام), تهذيب وتحقيق: السيد ميعاد الشرف الدين الكيلاني البغدادي, دار الكتب العلمية, بيروت.

العزاوي، المحامي عباس(بدون.س.ط): تاريخ العراق بين احتلالين، المجلد الرابع، مكتبة الحضارات، بيروت-لبنان.

فائق بك, سليمان(2010): تاريخ بغداد، نقله إلى العربية: موسى كاظم نورس، ط1، الرافدين للطباعة والنشر والتوزيع، لبنان-بيروت.

گولی ، د.نزار أيوب و الجوادي، د.غسان وليد(2019): مقدمة في تاريخ زاخو خلال العهد العثماني 1515-1918م دراسة تاريخية وثائقية، ط1، من منشورات مركز زاخو للدراسات الكردية، بدون، م.ط.

محمد, أ.م.د.اكو برهان(2011): كردستان خلال العصور القديمة: دراسة فى الاحوال التجارية والمالية، ط1، مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر, مطبعة روزهةلات, أربيل.

يوسف، عبدالرقيب(2005): حدود كردستان الجنوبية تاريخيا و جغرافيا خلال خمسة آلاف عام و ما ترتب على إلحاقها بالعراق, ط2, من منشورات وزارة الثقافة, مطبعة شفان, السليمانية.

**هەشتەم: گۆڤاری زانستی:**

حسن، نزار ايوب(2022): الأمير حسين بك الداسني وابناءه دراسة في سيرتهم الذاتية ودورهم الإداري, مجلة العلوم الإنسانية لجامعة زاخو, المجلد(10), العدد(1), آذار.

**نۆیەم: فەرهەنگ و ئیسنایکلۆپیدیا(بەزمانی کوردی):**

غەفوور، عەبدوڵلا(2019): فەرهەنگی جوگرافیایی هەڵەبجە، چ1، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

غەفور، عەبدوڵلا(2020): فەرهەنگی جوگرافیایی سلێمانی، بەرگی 1، چ1، ب.ن.چ، هەولێر.

**دەیەم: فەرهەنگ و ئیسنایکلۆپیدیا(بەزمانی عەرەبی):**

أقطاش و بينارق، نجاتي و عصمت (إعداد)(1986): الأرشيف العثماني فهرس شامل لوثائق العثمانية المحفوظة بدار الوثائق التابعة لرئاسة الوزراء باستانبول، ترجمة: صالح سعداوي صالح، إشراف و تقديم: الدكتور أكمل الدين إحسان أوغلي، ط1، من منشورات مركز الأبحاث للتاريخ والفنون والثقافة الاسلامية باستانبول و مركز الوثائق والمخطوطات بالجامعة الأردنية، عمان.

زكي، محمدأمين(2005): مشاهير الكرد وكردستان، إعداد: رفيق صالح، الجزء الثاني، مطبعة شڤان، من منشورات بنكەی ژین لإحياء التراث الوثائقي والصحفي الكردي، السليمانية.

العزاوي، المحامي عباس(2010): عشائر العراق، المجلد الثاني-ج3-4، ط2، مكتبة الحضارات، بيروت-لبنان.

**یانزەهەم: فەرهەنگ و ئیسنایکلۆپیدیا(بەزمانی تورکی):**

Mahmud, Muhammed b(2013): ``ŞEHRİZOR``, Türkiye Diyanet Vakfı İslam Ansiklopedisi, Cilt 38, Türkiye Diyanet Vakfı, İstanbul.

**علاقة إيالة شهرزور مع إيالتي بغداد و البصرة 1564-1779**
**دراسة تاريخية وثائقية**

**الملخص:**

كانت إيالة شهرزور، قبل استحداثها، وحدة إدارية تابعة لإيالة لورستان ومن ثم لإيالة بغداد. في عام 1534م، وبعد الحملة العسكرية التي قادها السلطان سليمان القانوني(1520-1566)على إيران، والعراق و كوردستان، تم استحداث إيالة شهرزور كإيالة مستقلة. تنوعت علاقات إيالة شهرزور مع الإيالات العثمانية الأخرى، وخاصة العلاقة بين إيالة شهرزور و كل من إيالة بغداد والبصرة؛ حيث كانت إيالة بغداد مهيمنة طوال هذه الفترة على الأمور السياسية والمالية والعسكرية والإدارية، وذلك نسبة إلى السلطات الواسعة التي أعطتها الإمبراطورية العثمانية لولاة بغداد، والذين كانوا يُعَيَّنون برتبة وزير من قبل السلطات العثمانية. فكان لبغداد، باعتبارها مركزا قديمًا للمسلمين، تأثير كبيرعلى المستوى الفكري والثقافي للمناطق المجاورة, وهذه الهيمنة أثرت على مستقبل إيالة شهرزور. كذلك الحال بالنسبة لعلاقة إيالة شهرزور مع إيالة البصرة، ولا سيما الدور البارز لوالي شهرزور في الاحداث الداخلية في إيالة البصرة، ومن ذلك دور إيالة شهرزور المؤثر في قمع التمرد العشائري هناك. تسعى هذه الدراسة إلى الإجابة عن عدة أسئلة: منها كيف سيطرت بغداد، كمركز جديد للحكم في زمن الإمبراطورية العثمانية، على إيالة شهرزور (معظم أراض جنوب كوردستان حالياً)، والظروف السياسية، والإدارية والعسكرية، التي استمرت بهذه الصورة أو بصور أخرى على مدى الخمسمائة سنة الماضية، حيث حاولت بغداد وبشكل مستمر الهيمنة على كوردستان بطرق وأساليب مختلفة؟ وكذلك ما هو الدور المؤثر لإيالة شهرزور في الأحداث الداخلية لإيالة البصرة في حل القضايا؟. تحاول الدراسة إذن، تقديم إجابة علمية مفتوحة عن طبيعة العلاقة بين إيالة شهرزور وإيالتي بغداد والبصرة.

**الكلمات المفتاحية:** شهرزور، بغداد، البصرة، الإمبراطورية العثمانية، الإمبراطورية الصفوية.

**Sharezoor eyalet relations with baghdad and basra eyalets 1564-1779**
**A historical-documentary study**

**Abstract:**

Sharezoor Eyalet, before its establishment within the Ottoman Empire, was an administrative division within the Eyalet of Lorestan, later Baghdad Eyalet. The latter was established by Sultan Suleiman al-Qanuni (the Lawgiver) after 1533 under a military campaign entitled the Two Iraq's Campaigns. Under his leadership, Sharezoor Eyalet was recognized as an independent Eyalet. Therefore, Sharezoor Eyalet had various relationships with other Ottoman Eyalets. For instance, Baghdad Eyalet had a significant financial, military, and administrative impact on Sharezoor Eyalet due to the high authority that the Ottoman Empire had given to the governors of Baghdad who were governing as ministers. Nevertheless, being a significant center of the Muslim World for centuries, Baghdad had influenced the thoughts and culture of most Oriental nations. This hegemony played its role in ending Sharezoor Eyalet. It also had a role in building the relationship between Sharezoor Eyalet and Basra Eyalet. During the internal conflicts of Basra Eyalet, the fighters of Sharezoor Eyalet had a crucial role in calming down the rebels of Basra Eyalet, especially during the second half of the sixteenth century as well as other events until 1779. This study seeks to answer the main question of how Baghdad, as a new governance center in the Ottoman Empire, exercised geographical, political, administrative, and military hegemony over its surrounding Eyalet; such as Sharezoor Eyalet as well as over the majority of Southern Kurdistan population. Indeed, this hegemony is still practiced. Over the past five centuries, Baghdad has constantly tried to maintain its hegemony over Kurdistan under different names and methods. It also tries to find the role of Sharezoor Eyalet in defusing the internal events of Basra eyalet. This study provides an open scientific answer to the relations of Sharezoor Eyalet with other eyalets such as Baghdad and Basra.

**Keywords:** Ottoman Empire, Safavid Empire, Bagdad, Basra, and Sharezoor.